https://www.doi.org/10.31918/twejer.2032.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر

## توێژینەوەیەکی ڕوپێویی شیکارییە: هەواڵەکانی ڕووداونێت بە نموونە

پ. ی. د. ئاریانا ئیبراهیم محەمەد

زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب- بەشی ڕاگەیاندن

Aryana.mohmad@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ خستنەڕووی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕووداونێت وەک نموونە، و کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر. وەک پێویستییەکی پیشەیی کاری ڕۆژنامەوانی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن، شێوازەکانی بڵاوکردنەوە و نووسینی بابەتەکانیشی لەخۆگرتووە. لە ڕێگەیەوە ئاستی کاریگەربوونی وەرگر و سەرنجراکێشانی بۆ بابەتەکان دەخاتەڕوو، لە چوارچێوەی کارکردن و یاسا و ڕێسای تایبەت بە دارشتنی هەواڵەکان و ئاشناکردنی خوێنەر بە شێوازی خستنەڕوویان و تەکنیکی نووسینە ئەلیکترۆنییەکان.

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجی سەرەکیی شێوازی نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەری لەسەر خوێنەر، لە نێوان سێ بەشی توێژینەوەکەدا دەخەینەڕوو. ئایا شێوازەکانی نووسین و قاڵبی هونەری هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا چین؟ جیاوازیی هەواڵی ئۆنلاین لەگەڵ هاوشانەکانی لە ئامرازەکانی تری میدیادا کامانەن؟ ئایا کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر هەیە و چۆن؟ دواتر شیکردنەوە بۆ شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەری لەسەر خوێنەر بەپێی ڕێبازی ڕوپێویی شیکاری لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر سامپڵی توێژینەوە لە قوتابییانی زانکۆ دەخەینەڕوو. لە ئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت شێوازی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکاندا شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر دەبێت چەند کورت و پوخت، بەش بەش و دیزاینی تێدا پەیڕەوبکرێت، ئاسانترە بۆ خوێندنەوە دەبێت.

**وشە کلیلییەکان:** شێوازی نووسین، زمان، هونەری هەواڵ، میدیای نوێ.

## کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر- توێژینەوەیەکی ڕوپێویی شیکارییە: هەواڵەکانی ڕووداونێت بە نموونە

### پێشەکی

دوای ئەو گرنگییە زۆرەی بە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دراوە کە دەرەنجامی کاریگەرییە زۆرەکەی، وەک پێویستییەکی پیشەیی لە کاری نووسینی ڕۆژنامەوانییدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن کە لایەنی نووسینیشی گرتەوە، بۆتە جێگەی بایەخپێدان، هاوکات لەگەڵ گوڕانکارییە خێراکانی سەردەمی نوێ کە شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، نووسین و داڕشتنی بابەتەکانیشی گرتەوە و ئاستی کاریگەربوونی وەرگر و سەرنجڕاکێشانی بە شێوازە جیاکانی پێشکەشکردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ و بابەتی دیکە، بە شێوەی بینراو و بیستراو و خوێنراو بڵاودەکرێنەوە، چونکە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ئامرازی نوێی میدیایی دادەنرێت و گرنگە شێوازەکان و چوارچێوەی کارکردن و یاسا و ڕێسای تایبەت بە میدیا بزانرێت بۆ دانانی چوارچێوەی نووسین و فۆڕمی تایبەتی خۆی و ئاشناکردنی خوێنەر بە شێوازەکانی نووسین و زمان و جۆر و قاڵب و تەکنیکەکانی داڕشتنی بابەتەکانی لە شێوە ئەلیکترۆنییەکەیدا، کە هەر ژانرێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

**0-1- کێشــەی تــوێژینەوە:** شــێوازی نووســین و پێشکەشــکردنی هەواڵ لە پـێگە ئەلیکتـرۆنییە کوردییەکـان و کاریگەرییـان لەسـەر خـوێنەر کێشەی توێژینەوەکەیە، ئەویش بریتییە لە هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەریی شێوازەکانی نووسـینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان لەسـەر وەرگرتنی زانیـاری و هەواڵەکـان و ڕادەی تێگەیشـتنی وەرگـر لەم وێبسـایتە، ئـاخۆ کاریگەریی هەیە لە سەر تێگەیشتنی وەرگر لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە یاخود نا، ئەگەر هەیەتی ڕێژەی کاریگەرییەکە چەندە و چۆنە؟ بە گشـتی کێشـەی ســـەرەکیی ئەم تـــوێژینەویە لەم پرســـیارەوە خـــۆی دەبینێـــتەوە: ئایـــا کاریگەریی شێوازەکانی نووسین لە پێگە هەواڵییەکان لە سـەر تێگەیشـتنی وەرگر چییە و چۆن و چەندە؟ لە وێبسـایتی ڕووداونێت کـە بە نمـوونە وەرمانگرتووە.

**0-٢- گرنگیــی تــوێژینەوە:** گرنگیــی هەر تــوێژینەوەیەک لە جــۆری بـــابەتەکەدا دەردەکەوێـــت، هەروەهـــا لەگەڵ ڕوونکـــردنەوەی مەبەســـتی سەرەکی لە توێژینەوەکەدا، کە وا لە خـوێنەر دەکات بەشـێوەیەکی ئاسـان لێی تێبگات، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا سـەرچاوە دەگرێت کە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کۆمەڵگە بەهـۆی زۆریـی زانیارییەکـان و فراوانیـی ئەو پانتاییەی لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بـە گشـتی سـوودی بـۆ خوێنـەرانی دەبێت، هـەروەهـا وەک بـابەتێکی نـوێی میـدیایی پێویســـت دەکـــات تـــوێژینەوەی زانســـتی لەبارەیـــەوە ئەنجامبـــدرێت، و لێکۆڵینـــەوە لـــە شـــێوازەکانی نووســـینی هەواڵ لە پـــێگە ئەلیکتـــرۆنییە کوردیەکانـدا بکرێـت و دەرخسـتنی ڕادەی سـوود و گرنگیـی زانسـتی بـۆ ئەوانەی دەخــوێنن و گرنگــی بە پــێگە ئەلیکترۆنییەکــان دەدەن. هەروەهـــا ناساندنی شێوازی نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە شـێوەیەکی گشتی بۆ وەرگران و ئاستی سوودمەندبوونی میدیا بە گشتی لەو شێواز و ڕێگایـــانەی بـــە مەبەســـتی زیـــادکردنی ڕێـــژەی خـــوێنەران و بینەرانـــی

گرنگییەکی تری زانستیی و پیشەییە بۆ پسپۆڕانی ئەم بوارە کە سوودێکی گەورەیان دەبێت تاکو بتوانن لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی پرۆفشینالتر کاری خۆیان ئەنجام بدەن و لە ڕووی ئەکادیمیشەوە پێگەیاندنی کادری میدیایی سەرکەوتوو بە شێوەیەکی پیشەییانە کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن.

**0-3 ئامانجی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. ناساندنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و جۆرەکانی.

٢. دەستنیشانکردنی گرنگترین شێوازەکانی نووسینی ئەلیکترۆنی.

٣. دیارکردنی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتی ڕووداونێت.

٤. زانینی ڕادەی کاریگەریی شێوازی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر.

٥. جۆری کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان چۆنە.

**0-4 پرسیارکانی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە چەند پرسیارێک لەخۆدەگرێت:

١. شێوازەکانی نووسین بە شێوەیەکی گشتی و هەواڵ بە تایبەتی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان کامانەن؟

٢. ئاستی کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە پێگە هەواڵییەکان لەسەر تێگەیشتنی خوێنەران چۆنە؟

٣. ڕێـژەی کـاریگەریی هەواڵەکـان لە پـێگەی ئەلیکترۆنیـی ڕووداونێـت لەسەر خوێنەرانی ئەو هەواڵانە چەندە؟

٤. ئایا ئەو کاریگەرییە بە چ شێوازێکە ئەرێنییە یان نەرێنییە؟

٥. قوتابییـانی زانکۆ تـا چەنـد گرنگییـان بە خوێنـدنەوەی هەواڵەکـان لە ویبســایتە ئەلیکترۆنییەکــان و لە شــێوازەکانی نووســینی هەواڵ لە ویبسایتی ڕووداونێت داوە.

٦. ئایـــا ئەو هەواڵانە ڕەچـــاوی بـــابەتیبوون و ڕێســـاکانی کـــاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینەکانیدا کراوە؟

**5-0 کەرەسـتەی تـوێژینەوە**: لەم تـوێژینەوەدا چەنـد کـەرەسـتەیەکی زانستی بەکارهاتوون لەوانە:

١. فـۆڕمی ڕاپرسـی: بـە مەبەسـتی دابەشـکردنی بەسـەر خوێنـەران و زانینی کاریگەریی شێوازەکانی نووسینی هـەواڵ لەسـەریان و ڕادەی تێگەیشتنیان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکەی ڕووداونێت.

٢. تێبینیی زانستی لەلایەن توێژەر.

٣. چاوپێکەوتن.

6-0 چەمک و زاراوەکانی توێژینەوە:

-کـاریگەری: کـاردانەوەیەکە بەهـۆی بـوونی کـردارێکەوە دەبێـت، دەکرێت ئەو کاردانەوە لە لایەنی مێشکەوە بێت یاخود فیزیکی بێت، یان دەکرێت دوای کاریگەربوون بەو کارەی ئاراستەی دەکرێت و لێکدانەوەی لە مێشک و هەستەکانی کاردانەوەیەکی فیزیکی لە دوای خۆی بێنێت.

- شێوازەکانی نووسین: ئەو شێوازەیە کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت بۆ گەیاندنی بابەتەکەی بە خوێنەرانی. شێواز هەریەکە لە کەسایەتیی نووسەر و ئەوەی دەیگێڕێتەوە هەروەها چۆنیەتی وێناکردنی نووسەر بۆ جەماوەر دەردەخات. دەکرێ هەموو ئەوەش لە ڕێگەی گۆڕینێکی سادەی وشەکان و شێوازەکان، و ڕێکخستنی ژمارەیەک بیرۆکە بێت لە چوارچێوەیەک کە بتوانرێ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنرێت. (العمران، ٢٠١٩، ٨٧-٨٩).

- پێگە ئەلیکترۆنییەکان: بریتین لە کۆمەڵێک پەڕاوی بە یەکتری گرێدراو لە ڕێگەی تۆڕی جیهانی، بەیەک بەش دەردەکەوێت کە بە گشتی یاخود دامەزراوەیەک خاوەنداریێتی دەکات، و بۆ یەک بابەت یاخود چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەیەکەوە تەرخان دەکرێت. (ریاض، ٢٠١٦، ٤٣).

- پێگەی هەواڵی: بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە پێگەیە بۆ پێدانی هەواڵ و زانیاری لە بارەی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوودەدەن بە وردەکاریی زیاترەوە یاخود گرنگترینیان بڵاودەکەنەوە. (البکری،٢٠١٧، ٢٣). هەندێجار لە کەناڵە سەرەکییەکەی گرنگترین هەواڵەکانی وەردەگرێت و هەندێجار وەک پێگەیەکی تایبەت هەواڵی سەربەخۆ بڵاودەکاتەوە.

- تێگەیشتنی خوێنەر: بریتییە لە چالاکییەکی جوڵاو (داینامیکی) زانیاریی بینراو و نووسراو لەگەڵ زانیاریی کۆکراوەی ناو مێشک بەیەکەوە دەبەستێتەوە، و بەیەکەوە گونجان و هاوشێوەییەک دروست دەکات لە نێوان زانیارییەکان و ئەم چالاکییە زانینی هۆکاری خوێندنەوە لەخۆدەگرێت، و ڕای خوێنەر لە دەقی نووسراو، کۆتایی دێت بە زانینی بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر دەقی خوێنراو.

**0-7 ڕێبازی توێژینەوە و جۆرەکەی:** ڕێبازی توێژینەوە ئەو ڕێگا زانستییەیە کە توێژەر دەیگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی (صالح، ٢٠٠٨، ١٠). ئەم توێژینەوەیە لە جۆری پەسنییە (وەسفی)ە، بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکان ڕێگای ڕوپێوی تێدا بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە بۆ ڕاستی ڕووداوەکان و دەرکەوتەکانی و شیکردنەوەیان کاردەکات تاوەکو دەرئەنجامێکی زانستی بەدەستبهێنێت. شرۆڤە لەسەر شێوازەکانی نووسینی هەواڵ لە وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر دەکات، هەروەها جۆری ئەو نووسینانەی کە لە هەواڵەکانی وێبسایتی ڕووداونێت بڵاودەبنەوە چ سوودێکی هەیە بۆ خوێنەران و ڕادەی سەرنجڕاکێشانیان بۆ هەواڵەکان و ئاستی وەرگرتنیان.

**0-8 کۆمەڵگای توێژینەوە:** بریتییە لەو بوارەی کە توێژینەوەکە لەبارەیەوە ئەنجام دەدرێت و سامپڵی توێژینەوەکەی لێوە هەڵدەبژێردرێت. کۆمەڵگای توێژینەوە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەگرێتەوە.

**0-9 سامپڵی توێژینەوە:** سامپڵی توێژینەوە بریتییە لە هەواڵەکانی وێبسایتی ئەلیکترۆنی (ڕووداونێت) لە ماوەی یەک هەفتەدا لە ڕێکەوتی (١-٢٠١٩/١٢/٧) وەرگیراوە کە فۆڕمەکە بەسەر قوتابییانی زانکۆی سەلاحەدین دابەشدەکرێت. واتە سامپڵی یەکەم هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت، سامپڵی دووەم فۆڕمەکان بەسەر (٦٠) قوتابی لە قوتابییانی قۆناغی دووەم، سێیەم و چوارەمی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات دابەشکراون. قوناغی یەکەم وەرنەگیراوە بەهۆی دواکەوتنی وەرگرتنیان لە کولێژ و تا مانگی ١٢ دەوامیان ڕێک نەبوو و ژمارەیان نەزانراوبووە.

**0-10 ئاستەنگەکانی توێژینەوە:** ئاستەنگی هەرە گەورەی ئەم توێژینەوە نەبوونی سەرچاوەیە بە زمانی کوردی لەسەر وێبسایتەکان.

یاخود کەمی سەرچاوە لە بارەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان و شێوازەکانی نووسینی هەواڵ بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی زانستی و بەکارهێنانی لە توێژینەوەکەدا.

**0-11 ناوەڕۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتووە؛ بەشی یەکەمی چوارچێوەی گشتیی توێژینەوەیە، بەشی دووەمی لە دوو باس پێکدێت؛ باسی یەکەم، چەمک و پێناسە و سەرهەڵدان و پێکهاتە و تایبەتمەندی و جۆری پێگە ئەلیکترۆنییەکان. باسی دووەم، قاڵب و تەکنیک و چوارچێوەی نووسینی هەواڵی ئەلیکترۆنی و شێوازی نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگرێتەوە لەگەڵ باسکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ئامرازەکانی تری میدیایی جیادەکاتەوە، بەشی سێیەمیش لە دوو باس پێکدێت؛ باسی یەکەم، باسکردنێکی کورتی تۆڕی میدیایی ڕووداو و مێژووی دامەزراندنی ڕووداونێت دەگرێتەخۆی. باسی دووەم، شیکردنەوەی داتا و زانیاریی فۆرمی ڕاپرسییە بۆ زانینی کاریگەریی شێوازەکانی نووسین لە پێگەی هەواڵی (ڕووداونێت) لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر. لە کۆتاییدا دەگەینە چەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان دەخەینەڕوو.

## ١- پێگەی ئەلیکترۆنی و شێوازەکانی نووسین

باسی یەکەم: چەمک و سەرهەڵدان و پێکهاتە و تایبەتمەندی و جۆری وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان

**١/١- چەمک و پێناسە:** وەک هەر چەمکێکی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، چەمکی ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی، یان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوی بۆ نەکراوە، جیا لە هەر چەمکێکی دیکە و بەهۆی پەیوەستبوونی ڕاستەوخۆی بە تەکنەلۆژیای

گەیانـــدن و ڕاگەیانـــدنەوە، واتـــە پێناســـەکەی بەردەوام لە گۆڕانـــدایە و پســـپۆڕان و زانایـــانی بـــوارەکە بە چەنـــدین شـــێواز پێناســـەیان کـــردووە، ئەگەرچـــی زۆربەی پێناســـەکان دواجـــار یەک مانـــا و مەبەســـتیان هەیە، هەروەک چۆن لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا دوای دەرکەوتنی چەمکەکانی وەک (میـــدیای نـــوێ یـــان جیهـــانی، یـــان سیســـتمی نـــوێی ڕاگەیانـــدن و بەجیهـــانیبوون) گۆڕانکـــاری بە بەســـەر پێناســـە تەقلیـــدییەکانی ڕاگەیاندنـــدا هێنا، بەڵام ناوەڕۆکی پێناسەکەی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهـات، کە خـــۆی لە بڵاکـــردنەوەی هەواڵ و زانیـــاریی ڕاســـت و دروســـت بـــۆ جەماوەر دەبینێتەوە (غریب، ٢٠١٥، ٦٨).

- میـــدیای نـــوێ: بـــریتیە لەو بەرهەم و خزمەتگوزاریـــانەی کەوا زانیـــاری دابینـــدەکات لە ڕێـــگەی بەکـــار هێنـــانی کۆمپیـــوتەر و ئینتەرنێـت، نەوەک ڕێباز و میتۆدە کلاسیکییەکانی تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە.

- میـــدیای ئەلیکترۆنـــی: بـــریتییە لەو میـــدیایەی لە ڕێگەیەکـــی ئەلیکترۆنییەوە لە سەرووی هەموویانەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێت دەنێردرێت. ئەم میـدیایە بە ئاسـانی دەگـات و خێرایە لە بەرهەمهێنـان و پێشـکەوتن و نـوێگەری، پانتـاییی ئازادییەکـانی هـزری فراوانتـرە. (جەلال، ٢٠١٨، ٢١٠-٢١٢).

- ڕۆژنـــامەوانیی ئەلیکترۆنـــی: پرۆســـەی بڵاوکـــردنەوەی هەواڵ و زانیـاری و ڕووداوە هەنووکەییەکـان، ئیتـر بـابەتە گشـتییەکان بێـت یـان تایبەتییەکـان، لە ڕێـگەی دەزگـای کـۆمپیتەر و بەهـۆی تـۆڕی ئینتەرنێتەوە بەرهەمـدەهێنرێ، هەنـدێک کـاتیش ڕۆژنـامەی ئەلیکترۆنـی پەیوەسـەتە بە ڕۆژنامە کاغەزییە چاپکراوەکانەوە.

- دکتۆر عیماد بەشیر بەم شێوەیە پێناسـەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی دەکـات: ئەو ڕۆژنـامەیەی کە سـیفەتەکانی ڕۆژنـامەی ڕۆژانەی کـاغەزی لێبەدیـدەکرێت لەڕووی کـاتی دەرچـوون و هەمەڕەنگیـی بابەتەکـان و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی. بوونی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان لە شێوەی دەقێکی ئەلیکترۆنی وەک ئەوەی لە ڕۆژنامە کاغەزییەکان هەیە، لە ئینتەرنێت بە ئاسـانی دەسـتدەکەوێت دوای ئـەوەی دەسـکاری بکـرێ و دووبارە دابڕێژرێتەوە. هـەروەها داواکردن و سـەیڤکردنی وەک بـابەتێکی ڕۆژنـامەوانیی نـوێ، یەکێکـی دیـکەیە لە جیاوازەکـانی هەروەهـا خێـرای گەیشتن بەبابەتە ڕۆژنامەوانیەکە. (ابراهیم، ڕەحمان، ٢٠١٠، ٢٥-٢٩).

**٢/١- کورتەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی:** مێژووی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە تۆڕی جیهانی دەستی بە گەشـەکردن کـرد لە سـاڵی ١٩٨٩، ئەمەش بەر لە (تـیم بێرنریزلـی) و هاوپیشـەکانی لە (سـیرین) کە پڕۆتۆکۆڵێـک بـۆ گواسـتنەوەی دەقێـک دروسـتکرد، کە بەیەکەوە بەسـتن لە نێـوان خزمەتگوزارەکـان و کارمەنـدەکان یەکدەخات، ئەویـش ڕێکخراوێکـی زانسـتییە بە ( Hyper Text Trasfer Protocol) ناسـراوە، ئەم ڕێکخـراوە نێـودەوڵەتییە و بنکەکەی لە جنێڤی سویسـرایە، لەم کـاتەوە پەڕاوەکانی وێب بە شـێوەی دەق مایەوە بۆ ئەوەی دواتر دەربکرێت لە یەنـایەری سـاڵی ١٩٩٢، تۆڕی جیهانی پێشوازییەکی خێرای لێکرا کاتێک پێشنگایەکیان بۆ وێب دامەزراند بە نـاوی (Mosaic) ئەویـش گەشـەیپێدرا لە ویـلایەتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا لە لایەن (مـارک ئەنـدرێس) و ئەوانـی تـر لە بنکەی نیشـتمانی بۆ ئەنجامـدانی ژمێریـاریی بـاڵا لە زانکـۆی (ئـالینوی) لە سـێپتەمبەری ١٩٩٣ بڵاوکـرایەوە (البکـری،٢٠١٧، ٥٥-٦٥). سـەبارەت بە سـەرهەڵدانی ڕۆژنـامەوانیی ئەلیکترۆنـی، لە ناوەڕاسـتی حەفتاکـانی سـەدەی ڕابـردوو کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی و مەیدانی ئەنجامدران بەمەبەسـتی زەمینە

خۆشـكردن لەبەردەم بڵاكراوەكـان (publisher) و ڕۆژنامەنووسـان بـۆ سـوودوەرگرتن لەو پێشـكەوتنە گەورەیەی لە بـواری ئینتەرنێت و تـۆڕی زانیـاری هـاتبووە ئـاراوە، ئەوەبـوو لە سـەرەتای هەشـتاكانی سـەدەی ڕابـردوو بەرهەمـی ئەو تـوێژینەوانە دەركـەوت و تـوانرا ڕۆژنـامە ڕۆژانەكـانی واشـنتۆن پۆسـت و لـوس ئەنجلـۆس تـامیز لە ڕێـگەی خزمەتگـوزاری (Online) بخـرێنە بەردەسـت خوێنەرەكـانی، بەگـوێرەی هەندێ سـەرچاوەی تـر مێژووی سـەرهەڵدانی ڕۆژنـامەوانیی ئەلیكترۆنـی لەوە كۆنترە بۆ زیاتر لە پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، ئەوكاتە ڕۆژنامەكان لە ڕێگەی شـەپۆلەكانی ڕادیۆ بۆدەیان هەزار ماڵ لە ڕێگەی ئامێری فاكسەوە ڕەوانە دەكران، هەر كۆپییەكیش خەرجییەكەی پەنجا تا سـەد دۆلاری ئەمەریكی بـوو، هەروەک هەوڵـدرا بـۆ نـاردنی ڕۆژنـامە لە ڕێگەی ڤیدیۆ تێكست لە سـەرەتای هەشـتاكانی سـەدەی بیست، ئەویش بە بەكارهێنـانی هێڵەكـانی تەلەفـۆن پێشـوازی لە نـاوەڕۆكی ئەو ڕۆژنـامە كاغەزییە بكرێ و بەشداربووان بتوانن لەسـەر شاشـەی تەلەفیزیۆن یان كۆمپیوتەر بیخوێننەوە لە بەرانبەر ئابوونەیەكی مانگانە. لەم ماوەیەدابوو كۆمپانیـایەكی كۆمپیوسـیرڤ هەوڵیـدا بەشـێوەیەكی ئەزمـوونی چـاپی ئەلیكترۆنی بۆ ڕۆژنامە نەتەوەییەكانی لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بخـاتە بەردەسـت، بەڵام سـەركەوتوو نەبـوو بەهـۆی تێچـووە بەرزەكەی، بەكاربەر و بەشداربووی پێویستی نەدۆزیەوە بۆبەردەوام بوون.

بەگـوێرەی تـوێژینەوەیەكی تـوێژەری ئەمریكی مـاک دیویز لەبـارەی مێژووی ڕۆژنامەوانیی ئەلیكترۆنی، یەكەم ڕۆژنـامە لە ئەمریكا كە چاپی ئەلیكترۆنی لە ئینتەرنێت بڵاوكردبێتەوە ڕۆژنامەی شیكاگۆ تریبیون ساڵی ١٩٩٢ لە پاڵ كۆپییە ئەلیكترۆنییەكەی شیكاگۆ ئۆنلاین بووە، لەو كاتەوە مـاڵپەڕی هەواڵـی و ڕۆژنامەوانییەكـان لە سـەر تـۆڕی ئینتەرنێت زیادیـان كـردووە كە زۆرێـک لەوانە لەلایەن ڕۆژنـامە كاغەزییەكـان و كەنـاڵە

تەلەفزیۆنیەکــان و مــاڵپەڕە هەواڵیــیە ســەربەخۆکان دەردەچــوون کە بە بۆچــوونی شــارەزایان ئەو مــاڵپەڕە هەواڵییــانە دەکــرێ بە کەنــاڵێکی ڕۆژنــامەی ئەلیکترۆنــی ســەربەخۆ لە قەڵەم بـدرێن. (ابــراهیم، ڕەحمــان، ٢٠١٠، ٢٦٧)

**٣/١- جۆرەکانی وێبسایتی ئەلیکترۆنی**: چەند جۆرە دابەشکردنێک بۆ پـێگە ئەلیکترۆنییەکـان کـراون، لەوانە؛ لە ڕووی نـاوەڕۆکەوە کە بـۆ پـێگە جێگیرەکــان و کارلێکەکــان. یــان لەســەر بنەمــای لایەنــی دامەزرێــنەری پێگەکـان کە ئەویـش پـێگە حکـومی و فێرکـاری و ڕۆشـنبیری و کەسـی... هتــد مەبەســتە. دەتــوانین بە شــێوەیەکی گشــتی دوو جــۆری ســەرەکی ڕۆژنامەگەریی دیجیتاڵی دیاریی بکەین:

یەکەم: ئەو سـایتە ئەلیکترۆنییـانەی دەزگـا ڕۆژنامەوانییەکـان، بینـراو بیسـتراو خـوێنراو دایـدەمەزرێن، بەشـێکن لە ڕۆژنامەکـان یـان ڕادیۆکـان یان تەلەفیزیۆنەکان، لەم حاڵەتەدا پێگە ئەلیکترۆنییەکان، دەبنە تەواوکاری کەناڵەکــە و زانیــاریی زیــاتر و قــوڵتر و نــوێتر لەوەی لە کەنــاڵی دایــک بڵاویکــردۆتەوە، دەخــاتەڕوو، لەگەڵ دابینکردنــی خــانە و خزمەتگــوزاریی پێویســت بـۆ بەشـداریکردنی وەرگـر و بەردەوامبـوونی لەگەڵ کەنـاڵەکە، یـــاخود هەر بەتەواوی ڕەنگــدانەوەی کەنـــاڵی دایـــکە، تەنهـــا هەواڵ و بابەتەکانی بە شێوەی ئەلیکترۆنییانە بڵاودەکاتەوە.

دووەمیــان: ئەو ســایتانەن کە بە تــایبەت بــۆ کــاری ڕۆژنــامەوانی دادەمەزرێـن، هەنـدێکیان نـاوی خۆیـان بە ڕۆژنـامە، هەنـدێکی دیکەیـان بە ڕادیۆ، هەندێکیدیکەشیان بە تیڤی ناودەبەن، لەگەڵ ئەوەی هەموویان کاری هەرســێ کەرەســتە لەیەک کاتــدا ئەنجــام دەدەن. هەنــدێک ســایتیش وەک (گۆگــڵ و ســایتی دامودەزگــا و زانکــۆ و کۆمپانیــا) لەگەڵ ئەوەی خۆیــان وەک سـایتی ڕۆژنامەنووسـی ناناسـێنن، کەچـی هەمـان کـاری ڕاگەیانـدن

دەکەن، بەڵام بە جۆرێکی دیکە، لە ڕێگەی ئەو بەش و لینکانەی بۆ گەڕان بەدوای زانیاریـــدا بـــۆ جەمـــاوەر دەســـتەبەری دەکەن. جۆرەکـــانی ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی ڕێزبەندکردنی ڕۆژنامە (پێگە) ئەلیکترۆنییەکان بۆ چەند جۆر ئاستێک دابەشدەبن ئەوانیش (حسون، ۲۰۰۳، ۳):

**دابەشکاریی یەکەم:** ڕۆژنـامەی ئەلیکترۆنـی کە نوسـخەی چاپکراوی هەیە یاخود نییەتی:

١- ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە تەنها لەسەر ئینتەرنێت بڵاودەبێتەوە.

٢- ڕۆژنـامەی ئـەلیکترۆنی کە لـە بنـەڕەتـەوە نوسـخەیەکی چاپکراوی هەیە.

**دابەشـــکاریی دووەم:** ڕۆژنـــامەی ئەلیکترۆنـــی بە گـــوێرەی جـــۆری تەکنیکی بەکارهاتوو لە پێگەکاندا:

- ئەو ڕۆژنـامە ئەلیکترۆنییـانەی کەوا تەکنیکـی گرافیکی جێگـۆڕکێ بەکاردەهێنن.

- ئەو ڕۆژنـــامە ئەلیکترۆنییـــانەی کـــەوا تەکنیکـــی دەق بە (PDF) هەڵگیراو بە کاردەهێنن.

- ئەو ڕۆژنـــامە ئەلیکترۆنییـــانەی کەوا دەقـــی بـــاڵا (HTML) بە کاردەهێنن.

- ئەو ڕۆژنـامە ئەلیکترۆنییـانەی کەوا جـۆری دەقـی بـاڵا و جـۆری توانـــای هەڵگـــرتن بە یەکەوە کـــۆدەکەنەوە و بەکـــاری دەهێـــنن بـــۆ سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی هەردوو سیستەم.

**دابەشکاریی سێیەم:** ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی هاوشێوەی ئامراز یاخود ناوەندی بەکارهاتوو:

- ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی پشت بە بڵاوکردنەوەی دەق لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆن دەبەستن.

- ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاودەکرێنەوە.

- ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی لە مۆبایل و تابلێت و لاپتۆپ بڵاودەکرێنەوە.

- ئەو ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییانەی لەسەر ناوەندی پێشکەشکردن (پێگەی سەرەکی) بڵاودەکرێنەوە.

**٤/١- تایبەتمەندیی پێگە ئەلیکترۆنییەکان:** ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان چەندین تایبەتمەندییان هەیە وا دەکات خوێنەر بۆ خۆی کێش بکات. لێرەدا چەند تایبەتمەندییەک دەخەینەڕوو. (ئیبراهیم، ٢٠١٨، ١٣٥-١٣٧):

- کارلێککردن: ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە بوار دەڕەخسێنن خوێنەرەکانیان ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە بابەتە بڵاوکراوەکان بنووسن لە ڕێگەی ئەو لینکانەی تەرخانکراون بۆ دەربڕینی ڕا و سەرنجی خوێنەر. پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنیدا دوو لایەنەیە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر و بە پێچەوانەوە.

- قووڵایی مەعریفی: ئەو خزمەتگوزارییانەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان پێشکەشی دەکەن بە قووڵی و گشتگیری دەناسرێنەوە، ئەم تایبەتمەندییەش لەو پانتاییە فراوان و دیاریکراوە بەرجەستە دەبێت کە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکاندا هەیە، بۆیە بواری لە بەردەمدایە

خزمەتگوزاریی زیاتر سەبارەت بە باکگراوندی ڕووداوەکان و گرێدانەوەی بە ڕووداوە پەیوەندیدار و هاوشێوەکان پێشکەشبکات لە ڕێگەی:

- خستنەڕووی بابەتە پەیوەندیدارەکان بەو بابەتەی خوێنەر دەیخوێنێتەوە.

- ڕەخساندنی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ ئەرشیفی ڕۆژنامە.

- گەیشتن بە سەنتەری زانیاریی تایبەت بە ڕۆژنامەکە بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر.

- فەراهەمکردنی هەندێ چاپی دیکە کە ڕۆژنامەکە دەریدەکات، بۆ نموونە چاپی نێودەوڵەتی.

- نوێکردنەوەی بەردەوام: مەبەست لێی خزمەتگوزاریی هەواڵی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆیە بۆ ئەوەی سات بە سات ئاگاداری گۆڕان و پێشهاتەکان بێت لە بوارە جیاجیاکاندا.

- فراوانی دەسەڵاتی خوێنەر: فرەیی و فراوانی بوارەکانی بڵاوکردنەوەی ئەلیکترۆنی دەرفەتی ڕاستەقینەی لە بەردەم کەس و گرووپە مرۆڤایەتییەکان ڕەخساندووە هەرچەندە ژمارەیان کەم بێت و خولیا و ئارەزووەکانیان سنووردار بێت لەوەی ئەوەی پێویستییانە لەو خزمەتگوزارییانە دەستیان بکەوێ کە هەندێ لەو ڕۆژنامانە دەیخەنە بەردەستی خوێنەرانیان.

- ئاسانی دەستخستنی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان: ئاسانی گەیشتن بەو ڕۆژنامانەی نوسخەی ئەلیکترۆنی هەیە یەکێکە لە گرنگترین ئەو

خەسڵەتانەی پێی جیادەکرێتەوە و یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وا لە خوێنەر دەکات هۆکارێکی ڕاگەیاندنی پێ باشتربێت لە یەکێکی دیکە.

- ناوەڕۆکی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان: بە درێژایی ٢٤ کاتژمێر لەبەردەستی خوێنەر و بەکاربەراندایە.

- نەبوونی گرفتی پانتایی و شوێن: تاوەکو ناچار نەبێت بابەتەکان کورتبکاتەوە و بە ناچاری زانیارییەکان بە پچرپچری و کەموکوڕی پێشکەش بکات. (ابراهیم، ڕەحمان، ٢٠١٠، ٢٦٦-٢٦٧)

٢/ هەواڵ چەمک و پێناسە، جۆرەکان، ڕەگەزەکان و شێوازەکانی نووسین

١/٢- چەمک و پێناسە: هەواڵ پێشەنگی هونەریی ڕۆژنامەنووسیە، واتا بەبێ هەواڵ کارێکی سانا نییە بۆ ڕۆژنامەنووس شارەزای ژینگەی ڕاگەیاندن بێ، یان چاوپێکەتنێکی ڕۆژنامەنووسی یان ڕیپۆرتاژێک یان ڕاپۆرتێک یان ستوونێک بە ئەنجام بگەیەنێ. واتە هونەرەکانی تری ڕۆژنامەنووسی گەلێک جار بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕووداوێکن. بۆیە قوتابخانەکانی ڕۆژنامەگەری گرنگی زۆر بە هەواڵ بە هەموو بابەت و لایەنە جیاوازەکانیەوە دەدەن، هەواڵ بە یەکێ لە توخمە گرنگەکانی ڕۆژنامە دادەنرێت بۆ ڕاکێشانی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار. لەناو ئەو کتێبانەی کە دەربارەی (هەواڵی ڕۆژنامەنووسی)یان نووسیوە، چەندین پێناسەیان بۆ کردووە، لەوانە: هەواڵ بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دەژمێردرێ و کار لە هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیری و دەسەڵات و سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا دەکا و هۆشیاریش بە هەموو چەشنەکانییەوە بەهۆی هەواڵەوە فراوانتر و قووڵتر

دەبێ. هەواڵ گوزارشتێکە لە ڕاستییەکان، بەڵام هەموو ڕاستییەک هەواڵ نییە. (ئیبراهیم، ٢٠١١، ٢١٧-٢٢٥).

**٢/٢- جۆرەکـــانی هەواڵ:** جـــۆرە باوەکـــانی هەواڵ کە لە زۆربەی ڕۆژنامەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردێت ئەمانەن:

- کورتە هەواڵ: بەگوێرەی تیۆری ڕۆژنامەنووسی، نووسینی کورتە هەواڵ دەبـێ وەڵامـی سـێ پرسـیار بـداتەوە: چـی ڕوویـداوە؟ لە کـوێ ڕوویداوە؟ کەی ڕوویداوە؟ کورتە هەواڵ لە چەند دێڕێک زیاتر تێپەڕناکا و ڕۆژنامەنووس ناتوانێت بۆچوونی خۆی تێدا بخاتەڕوو. باشتر وایە لە ٣٠ – ٤٠ وشە تێپەڕ نەکا و باشترە بە ٣٠ وشە کۆتایی پێبهێنرێت.

- هەواڵـی درێـژ: دەکـرێ ١- ١٥٠ وشـەبێت سـتوونێک داگیربکـات. لێـرەدا ڕۆژنـامەنووس جـگە لەوەی ڕاسـتیی ڕووداوەکە دەنووسـێ، دەتوانێت هـۆی ڕووداوەکەش لەگەڵ ئەنجامەکەی بۆ خـوێنەران بنووسێ. لە هەواڵـی درێـژدا دەبێت وەڵامـی ئەم پرسـیارانە درابـێەوە. چ ڕوویـداوە؟ کەی ڕوویداوە؟ کێ تێیدابەشداربووە؟ چۆن ڕوویداوە؟ لەکوێ ڕوویداوە؟ لەبەر چـی؟ دیـارە لەکـاتی وەڵامـدانەوەی ئەو پرسـیارانە ڕۆژنـامەنووس دەتـوانێ بەدرێـژی وەڵامەکـان بنوسـێتەوە، بەڵام لەو کـاتەدا، ئەو نووسـینە وەک هەواڵـی درێژ ناناسـرێتەوە، بەڵکو زۆرتر لە وتـاری هەواڵـی دەکـا کە ئەویش ژانەرێکی تایبەتی ڕۆژنامەنووسییە. (ابراهیم، ڕەحمان، ٢٠١٠، ٥٥)

هەواڵ جۆرەکانی زۆرە هەر توێژەرە و بەپێی بۆچوون و تێگەیشـتنی خۆی باسی جۆرەکانی هەواڵ دەکات لە چەند سەرچاوەیەک بەشێوەیەکی گشتی لەسەر دوو بنەما جۆرەکانی هەواڵ دابەش دەکەن.

یەکەم: لە سـەر بنەمـای جـوگرافی: لەو حـاڵەتەدا هەواڵـی نـاوخۆ و هەواڵەکـانی دەرەوەی ئەو شـوێنەی کە ڕۆژنـامەکەی لـێ دەردەچێـت دەگرێتەوە.

دووەم: لەسـەر بنەمـای کـات ئەویـش هەواڵـی پێشـبینیکراو و پێشبینینەکراو دەگرێتەوە:

- هەواڵی پێشبینیکراو ئەمجۆرە هەواڵانەیە کە پێشبینی بوونی یان ڕوودانـی دەکرێ و ڕۆژنـامەنووس پێشـتر لە ئەگەرەکەی بەئاگـایە و لای خۆی تۆماری کردووە.

- هەواڵی پێشبینینەکراو (کتوپڕ) ئەم جۆرە هەواڵانە پێشـتر پێشـبینی ڕوودانـی ناکرێـت هـیچ شـتێکی لەبـارەوە نـازانرێ و لەپڕێکدا ڕوودەدات. (ئیبراهیم، ٢٠١١، ٢٢٦-٢٢٧).

**٣/٢- شـێوازەکانی نووسـینی هەواڵ:** شـێوازەکانی نووسـینی هـەواڵ بەگشتی بریتین لە (جواد، ٢٠٠٢، ١٣٩-١٧٢):

١- شـێوازی هەڕەمـی (هەڵگـەڕاوە) بەراوژوو یـان سـەروژێرکراو: لە شـێوازی هەڕەمـی سـەرووژێرکراودا، کـورتەیەک لە گرینگتـرین بـابەتی ڕووداوەکە لە سـەرەتادا دەنووسـرێ پاشـان بەپێـی گرنگـی، سەرنجڕاکێشبوونی بابەتەکە، بەشەکانی دیکەی دەخرێنەڕوو بەو جۆرەی بەشە کەم بایەخەکان دەکەونە کۆتاییی هەواڵەکە.

٢- شـێوازی باسـکردنی مێژوویـی: بە پێچەوانەی شـێوازی هەڕەمـی بەراوژوو لە شـێوازی باسـکردنی مێژوویـدا، بابەتەکـان بەپێـی گرنگییـان نانووسـرێن، بەڵکـو بەپێـی کـاتی ڕوودانیـان بـاس دەکـرێن، لەم شـێوازەدا ڕۆژنـامەنووس هـیچ چەشـنە داوەرییەک ناکـات سـەبارەت بەوەی کە کـام

بەشـی هەواڵ گرنـگ یـان گرنـگ نییە، بەڵكـو بەو جۆرەی كە ڕووداوەكە لەبـاری زەمەنییـەوە ڕوویـداوە، دەنوسـرێتەوە. لەم شـێوازەدا هەواڵەكە بە پێشـەكییەكی گشتی كە داگری بوارەكـان و گشـتیەتی بابەتی ڕووداوەكەیە دەست پێدەكات. ئەوەشمان لەیاد نەچێ ئەو پێشـەكییە وەكو دەروازەیە بۆ دەسـتپێكردنی هەواڵ و هەڵگـری تایبەتمەنـدییەكانی لیـد. خـاڵێكی گرنـگ سـەبارەت بەم شـێوازە ئەوەیە كە زیـاتر بـۆ خسـتنەڕووی دانیشـتنەكان بەكاردێت.

٣- شێوازی باسكردنی مێژوویی لەگەڵ لید: بۆ نووسینی هەندێ لە بـابەتە هەواڵییەكـان دەتـوانین، شـێوازی مێژوویـی هـاوڕێ لەگەڵ لیـد كە تێكەڵـێكە لە شـێوازی هەرەمـی بەراوژوو و مێژوویـی بەكـاربێنی. لە شێوازی مێژوویی هـاوڕێ لەگەڵ لید، سـەرەتا كورتەی گرنگترین بـابەتی ڕووداوەكە بەشێوەی لید لە پرۆگرافی یەكەمی هەواڵەكەماندا دەنووسین و دواتـریش پاشـماوەی ڕووداوەكە بەو جۆرەی كە ڕوویـداوە، بەپێـی كـاتی ڕوودانیان بە شێوازی مێژوویی دەنووسین.

٤-شـێوازی كۆتـاییی سەرسـوورهێنەر: شـێوازی كۆتـاییی سەرسـووڕهێنەر، بەیەكـێ لە شـێوازە سەرنجڕاكێشـەكانی هەواڵنووسـین دێتەئەژمـار. لەم شـێوازەدا گرێـی ڕووداوەكە لە كۆتـاییی هەواڵەكە دەكرێتەوە خـوێنەر تووشـی سەرسـوڕمان دەكات. هۆكـاری سـەرهەڵدانی ئەم شـێوازە لە بـواری ئەدەبیـاتی ڕۆژنامەوانیـدا بـۆ وەڵامـدانەوەی نیـازی نوێخـوازی خـوێنەران. هەڵـبەت ئەم شـێوازە بـۆ هەمـوو جـۆرە هەواڵێـك بەكارنـایەت. شـێوازی كۆتـاییی سەرسـوڕهێنەر بـۆ ئەو ڕووداوانەی كە هەڵگری بابەتی فراوانن بەم شێوازە دەنوسرێن. بەڵكوو شێوازی مێژوویی لەگەڵ لیـدا بـۆ ڕووداوی پڕبـابەت كە پێویسـتی بە شـیكاریی زۆرتـر هەیە بەكاربهێنرێـت، چـونكە لەم شـێوازەدا نووسـەر دەرفەتێكـی زیـاتری هەیە

بۆخســتنەڕووی ڕووداوەکــان. لە شــێوازی کۆتــاییی ســەرســوورهێنەردا، دەتـوانین لە تایبەتمەنـدییەکانی شـێوازی هەڕەمـی بەراوژوور لەگەڵ لیـد سوود وەربگرین.

٥- شـێوازی نووسـینی پلـەیی: ئەم شـێوازە زۆرتـر بـۆ کـورتە هەواڵ بەکاردێت. لەو هەواڵانەی کە لەسـەر ئەم شـێوازە دەنووسـرێت ڕەنگە لید بەکاربهێنرێت بەڵام ئەگەر بێت و دوایـن بەشـی هەواڵ، گرنگترین بـابەتی ڕووداو بێــت، ئەوا یەکەمــین پەڕەگرافــی هەواڵ دەتــوانین وەکــو لیــد بەکاربێنین. لەم شێوازەدا دوای نووسینی لید و دوایـن بەشـی ڕووداوەکە، بەشەکانی دیکە لەسەر شێوازی باسکردنی مێژوویی دەنوسرێنەوە کە ئەم شێوە نووسـینە سـەرەڕای سـانابوونی، نیـازی هەواڵـی خـوێنەرانیش تێر دەکات.

٦- شــێوازی تەشــریحی یــان لــۆژکی: لەم شــێوازەدا بەش بەشــی ڕووداوەکە دەنووسـین و دواتـر وردەکـاریی پێویسـت و باسـی پەراوێـزی لەسەر هەریەک لە بەشەکانی دەخەینەڕوو، ئەم شێوازە بۆ ئەو ڕووداوانە بەکاردێت کە جیاوازی بیروڕای زۆری لەسەرە و نووسـەر دەتوانی دوای هەر بەشێک بیروڕای نارەزای و ڕازیەکان لەگەڵیاندا بنووسێ. ئەوش بڵێن کە ئەم شێوازە بۆ ئامـادەکردنی ئەو هەواڵانەی کە درێژن یـان بە تـایبەت بۆ نووسینی ڕاپۆرتە هەواڵ بەکاردێت.

**٤/٢- نووســینی هەواڵ لە وێبســایتی ئەلیکترۆنــی:** بەکــارهێنەرانی ئینتەرنێت جگە لە شـێوازی کلاسـیکیی ڕۆژنـامەگەری لە سـەر ئینتەرنێت (نوسـخەی کـاغەزی) ئیسـتا ئاشـنایەتییان بە شـێوازی نووسـینی هەواڵ لە ئینتەرنێـت پەیـداکردووە و قەبووڵیـانکردووە. دەقـی نووسـینی هەواڵ لە ئینتەرنێت پێویستە لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان جیا بێت و لەو نـاوەڕۆکە چڕ و زۆرەی لە ڕۆژنـامە تەقلیدییەکانـدا هەیە و بە بیرکردنەوەیەکـی جیـاواز

بنووسـرێتەوە و بەشـێوەیەک پێشـکەش بکرێت کە بەکـاربەر بتوانێت بە ئـــارامی و ئاســـوودەییەوە هەواڵەکە بخـــوێنێتەوە. ئەم هـــۆیەش وا لە نووسـەران دەکات پەنا بۆ چەندین تەکنیکی جیاواز بەرن بۆ نووسـینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا. تەکنیکەکانی نووسـین بریتین لـە مانـەی خوارەوە: (ابراهیم، ٢٠١٩، ٦٦-٨٩).

١- تەکنیکـی هەرەمـی هەڵـگەڕاوە: کە پێشـتر باسـمان لە شـێوازی نووسـینی هەواڵ بەم قـاڵبە هـونەرییە کـردووە. بۆچـوونی زۆرێـک لە تـوێژەران جەخـت لەوە دەکەنەوە کە ئەم تەکنـیکە زۆر گونجـاوە بـۆ نووسـینی هەواڵ و چیرۆکە هەواڵییەکـان، چـونکە بە گـوێرەی تـوێژینەوە جۆراوجۆرەکـان پەڕەکـانی وێـب لە بەر نووسـینی دوور و درێـژەوە و جوڵاندنی شاشەی کۆمپیوتەر تاکو بتوانرێ بخوێندرێتەوە، دەبێتە هۆی بێزارکردنـی بەکـارهێنەر کە دواجـار زۆرێـک لە خـوێنەران بەر لە تەواوکردنـی خوێنـدنەوەی هەواڵەکە لە لاپەڕەکـانی پـێگە هەواڵییەکـان دووردەکەونەوە.

٢- مـۆدیلی (T): یەکـێکە لە تەکنـیکە بەکارهێراوەکـان بـۆ هەواڵـی ئینتەرنێتـی، لەم مـۆدیلەدا ئامـانجی ڕووداوەکە لە شـێوەی (T- ئاسـۆیی دەکێشرێت) لە بەشی ئاسۆییەکەی سەرەوەی پیتی T ئینگلیزی کورتەیەک یـاخود کـۆکراوەی وەڵامـی (بـۆچی؟) ڕووداوەکە ڕووندەکاتەوە، خـوێنەر پێویسـت ناکـات بـۆ ئەوەی کۆتـاییی چیـرۆکە هەواڵـیەکە بزانـێ تـاوەکو کۆتایی هەواڵەکە بخوێنێتەوە بەڵکو لە دوو سێ دێری سـەرەتا ڕووداوەکە باس دەکرێت و بە تایبەتیش کۆتـاییی ڕووداوەکە، ئەمـانە هەمووی بەشـی یەکەمـی پیتـی- T- ئینگلیـزی پێکـدەهێنن. واتە باسـکردنی وردەکـاریی هەواڵەکە لە بەشە ستوونییەکەی پیتی T دەنووسرێت.

٣- تەکنیکی هەرەمی ئۆنلاین: لە سەرەتای هەواڵەکە واتە سەردێر (لید)، خاڵە گرنگەکانی هەواڵەکە لە پەرەگرافی پێشەکیدا جێی دەکرێتەوە، وردە وردە هەواڵەکە بە دوای ئەودا دێت یان بۆ پەرەگرافەکانی دواتر دەگوازرێتەوە، لە بەشەکانی دواتر پێشینەی ڕووداوەکە و وردەکاریی زیاتر و پلانەکە و زانیارییەکان پێشکەشدەکرێن تێیدا. سەرەڕای ئەوەی هەرەمی ئۆنلاین هاوشێوەی هەرەمی هەڵگەڕاوەیە، بەڵام لێرەدا بابەت و زانیارییەکانی ناوەڕۆکەکەی بە شێوەی لینکەوە وابەستە دەکرێت بە پێگەی هەواڵیی تر کە پەیوەندیدارە بەو هەواڵەوە.

٤- تەکنیکی نووسینی هێڵی: شێوازی نووسینی کلاسیکیی تەقلیدیە، بە تایبەتی بۆ ڕۆژنامەوانی و شێوازەکانی تری هەواڵ، ڕووداوەکان لە شێوەی بەدوایەکداهاتوو گەشە دەکەن، بە شێوەیەک لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوات، لە هەمان پەڕەدا تەواودەبن و پێویست ناکات بچیت بۆ پەڕەی تر بۆ تەواوکردنی، لەم شێوەیە تایبەتییە پێشکەش دەکرێت.

٥- تەکنیکی کۆکردنەوە (تۆپەڵکردن): گەورەترین کێشە لە هەواڵی ئینتەرنێتی دەربارەی تازەترین هەواڵە، زۆرێک لە پێگە هەواڵییەکان بە شێوەیەکی گشتی نوێترین پێشهاتەکان لە بارەی ڕووداو و زانیارییەکانەوە لە بەشی سەری سەرەوە دادەنرێت بەم شێوەیەش ئەو هەواڵەی بەر لەم پێشهاتە نوێیە لەوجێگەیە بوو بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەوێتە ژێر پێشهاتە نوێیەکەوە واتە کۆدەکرێتەوە.

٦- تەکنیکی گێڕانەوە (باسکردن): یەکێکە لە جێگرەوەی هەرەمی هەڵگەڕاوە کە ئەویش گێڕانەوەی هەواڵە بە شێوەی ستۆری (چیرۆک) لەم تەکنیکەدا شوێنی گەیشتنی ڕووداوەکان و مەرجەکانی بە شێوەیەکی فراوان باس دەکرێت، تیایدا چیرۆکی جیاواز و گفتوگۆ جێگەیان دەکرێتەوە، مرۆڤەکان لەم تەکنیکەدا گرنگییەکی زۆریان پێدەدرێت و

دەبێت ئەم گرنگیدانە لە ناو هەواڵەکەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگبداتەوە. مرۆڤەکانی ناو ڕووداوەکە بەشێکی سەرەکی و گرنگی هەواڵەکە پێکدەهێنن ئەمەش لە ڕێگەی کارەکانیان و وتەکانیان لەنێو باسکردنی هەواڵەکەدا.

٧- تەکنیکی ناهێڵی: لەم شێوازە نووسینەدا واتە تەکنیکی ناهێڵیی ڕەگەزەکان و مێژووی هەواڵەکە بە ڕێزبەندییەکی دیاریکراو ڕێکخراون، گەڕان بەدوای ناونیشانەکان و بەشە جیاواز و جۆراوجۆرەکان جیاکراوەتەوە و لە لاپەڕەی جیاوازی ویبدا بوونیان هەیە و وردەکاریی زانیاریی پەیوەندیدار بە هەواڵەکان لە ڕێگەی لینکی سەرچاوەی جیاوازەوە بەستراوەتەوە بە لاپەڕەی هەواڵەکە لە ویبسایتەکەدا، ئەم تەکنیکە وەکو پەنجەرەیەکە بۆ گەیشتن بە هەموو لینکەکان، شێوازی پێشکەشکردنی ئۆنلاین بەکاردەهێنرێت.

٨- مۆدیلی کاتژمێری (لمی): ئەم تەکنیکە تێکەڵەیەکە لە باشترین ڕەگەزەکانی تەکنیکی هەرەمی هەڵگەڕاوە و تەکنیکی گێڕانەوە بەیەکەوە، لەم تەکنیکەدا هەواڵ لە سێ بەش پێکدێت:-

- سەرەتا هەواڵەکە بە شێوەیەکی کورت و پوخت باس دەکرێت، لە پێشەکیەکەیدا (لید).

- دوای کورتەی هەواڵەکە بۆ گەیشتن بە وردەکارییەکان لە یەک دوو ڕستەدا بە شێوەیەکی خێرا بە ناو هەواڵەکەدا گوزەر دەکات.

- دواتر لە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆک بە شێوەی وردەکاری باس لە کورتەکە دەکرێت.

ئەم تەکنیکە لە ڕووداوە پۆلیسییەکان و هەواڵە دادییەکان، ڕووداوی ڕۆژانەدا بەکاردێت.

## ٥/٢- بنەماکانی نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییە هەواڵییەکان:

بەگشتی کۆمەڵە بنەما و پرنسیپی تایبەتی هەیە بۆ نووسینی هەواڵ لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن: ( Bakanlig, 2011, 16-21):

١- پێویستە هەواڵی ئەلیکترۆنی بەشێوەیەکی کورت بێت، چونکە خوێندنەوەی لەسەر شاشە خێراترە لە خوێندنەوە لەسەر لاپەڕە، بۆیە ئەگەر نووسینی چیرۆکە هەواڵ لەسەر پەڕ بێت واتە ڕۆژنامەی کاغەزی پێویست بکات کورت بێت ئەوە لە ئۆنلاین پێویستە کورتتر بێت. واتە ڕێسای گشتی بۆ گەڕانی ئینتەرنێتی، ناوەرۆکی نووسراوی پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەبێ نیوەی ئەو بڕە وشانە بێت کە لە ناوەرۆکی هاوشانە چاپکراوەکەی هەیە لەسەر کاغەز، بۆیە ڕستەکانت بە کورتی بهێڵرێتەوە و سنووردار بێت بە یەک بیرۆکە لە هەر پەڕەگرافێک. پەڕەگرافی کورت کە چەند ڕستەیەک لەخۆبگرێت لە پەڕەکانی وێبسایتدا.

٢- پێویستە ناوەرۆکی بابەتەکان لێکجیابکرێتەوە (پەخشبکرێت): ئەگەر وتارێک هەیە کە بەرەو درێژەدادڕی دەڕوات، هەوڵنەدرێت هەمووی ببەسترێ و لەناو یەک پەڕەی وێب جێگەی بکرێتەوە، بەڵکو لێکجیابکرێنەوە بۆ چەند پەڕەیەک، لەگەڵ دانانی لینکێکی دیار و ڕوون لە خوارەوەی پەڕەکە بە ناونیشانی تەواوکەرەکەی لە پەڕەی داهاتووە.

٣- لە شێوەی بکەردیار بنووسرێت: پێویستە مۆدێلی (بکەر + بەرکار + کار) لەبەربکرێت کە هەواڵەکە پێ دەنووسرێت، بۆ نووسین لە وێبسایتیش بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێت، ڕستەکانی (بکەر + کار +

بەرکار) نووسراو لە شێوەی بکەردیار زیاتر بەلای کورتی و باسکردنی خاڵە گرنگەکانەوە دەچێت.

٤- پێویستە هەرەمی هەڵگەڕاوە بەکاربهێنرێت: واتە خاڵی سەرەکیی هەواڵەکە لە سەرەتاوە کورت بکرێتەوە و باسبکرێت، وەکو ئەوەی لە (لید)ی چیرۆکە هەواڵ دەکرێت. گرنگترین زانیارییەکانیش لە نیوەی بەشی یەکەمی سەرەوە دابنرێن و ئەوانەی گرنگیی کەمتریان هەیە لە نیوەی بەشی خوارەوە.

٥- پێویستە وشە سەرەکییەکان دەربخرێت و ڕووناکی و ڕەنگی زیاتریان پێبدرێت: تێکستی (Bold) نووسینی ئەستوور بەکاربهێنرێت بۆ دەرخستنی وشە و زاراوە گرنگ و تایبەتەکان، بەلام بە شێوەیەکی هاوسەنگ و کەم بەکاربهێنرێن، چونکە ئەگەر زۆر بەکاربهێنرێن ئەوا هیچ شتێک دەرناکەوێت، و ئەگەر هەمووی دەربخرێت وەک ئەوەیە هیچ دیار نەخراوە.

٦- پێویستە ژمارە و خاڵبەندی بۆ لیستەکان بەکاربهێنرێت: ئەمەش ڕێگەیەکی نوێیە بۆ دەرخستنی زانیاری و بەشە جیاکراوە گرنگەکان لەو تێکستانەی (دەقانەی) کە ڕەنگە زۆر دوورودرێژ بن.
٧- گرنگە ناونیشانی لاوەکی بەکاربهێنرێت: ناونیشانی لاوەکی ڕێگەیەکی ترە بۆ دەرخستنی خاڵە گرنگەکان و بەشە جیاکراوەکانی ناو دەقی ئەلیکترۆنی، بەلام ناونیشانە لاوەکییەکان پێویستە ڕوونبن و بە شێوەیەکی پڕ لە زانیاری بهێڵرێنەوە نەوەک بۆ جوانی.

٨- بەکارهێنانی دەقی بالا بە شێوەیەکی دروست: بەکارهێنانی دەقی بالا بۆ بەستنەوە و توانای پەیوەندیکردن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە پێگەی ویبی ترەوە کە پەیوەندیدارن بە هەمان بابەتی هەواڵەکەوە، بەلام تەنها لە

کـاتی پێویسـت بەکاربهێنرێـت، هـەروەها کورتکردنـەوە و پوختکردنـەوەی زانیارییەکـان بەبێ بەکارهێنـانی لینکـی شـوێنی تـر بە شـێوەیەکی ڕوون و ڕێکخراو. (Rogers, 2019, 13-19)

٩- دەکرێت شتی نوێ تاقیبکرێتەوە، بەڵام بنەمـا سـەرەکییەکان نابێت لەبیربکـرێن: ڕۆژنـامەوانی ئـۆنلاین شـتێکی نـوێیە و پیشەسـازییەکی گەشەسـەندووە، هـەر کەسـێک دەتوانێت ڕکـابەری بکـات بۆ پرسـیارکردن لەو ڕێگەیەی کەوا شتەکان هەن و چۆنیەتی فراوانکردنـی ئەو سنوورە بۆ ئەنجامدانی ئەوەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم پیشەسازییە نوێیە ئەنجام بدرێت. هـیچ یاسـایەک بوونی نییە تەنهـا بیرۆکە بـوونی هەیە. بەڵام شـتە سـەرەکییەکانی ڕۆژنـامەوانی لـە بیرنـەکرێت. هـەروەها ڕاسـت و دروسـتی هێشتا پێویستییەکی سەرەکییە بەڵکو پێویستە دووقات و سێ قـات بێتەوە و زۆر بە باشی بپشکنرێت. نووسین دەبێت تیژ بێت و زیندوو بێت و لە پێنـاو گەیشـتن بە ئامانجێـک بێـت. چیـرۆکە هەواڵییەکـان دەبێـت بە ڕێکخـراوبین و کـار بە ڕەوشـتی (ئیتیکی) ڕۆژنـامەوانی بکرێت. (Dube, 2013, 73-81)

١٠- لە بنەمـا سـەرەکییەکانی نووسـینی ئەلیکترۆنـی بـێ لایەنـی و هاوسەنگی و سەربەخۆیی لە نووسینی هەواڵەکە، هەروەهـا ڕەچاوکردنی وردی لە نووسـین و جەختکـردن لەسـەر ڕاسـتگۆیی و خسـتنەڕووی ڕاستییەکان.

١١- خـاڵێکی زۆر گرنگـی تـر لە نووسـینی ئەلیکترۆنـی ئەوەیە ڕەچـاوکردنی فـاکتەری کـات بەوەی هەواڵەکە پەلەیە یـاخود نـا و کـاتی بڵاوکردنەوەی بابەتەکە لەبەرچاو بگیرێت.

## ٦/٢- تایبەتمەندییەکانی هەواڵ و نووسین لە پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا:

نێوەند و ئامرازە بەکارهێنراوەکان بۆ پێشکەشکردنی هەواڵ زۆر جۆراوجۆرن کە تەنها لە وشەی چاپکراو و وێنەی فۆتۆگرافی کورت نابێتەوە. هەواڵی ئەلیکترۆنی زیادەیەک پێشکەش دەکات لە ڕێگەی وشەی نووسراو و وێنەی جێگیر و جوڵاو، هەروەها بەکارهێنەرانی دەتوانن گوێ لە هەواڵەکانیش بگرن بە دەنگەوە. بۆیە نووسینی بابەتێک بۆ ڕۆژنامەوانیی ئەلێکترۆنی پێویستە بە گشتی ئەم ڕەگەزانە لەخۆبگرێت، بابەتەکە کە (ناونیشان) و بەشەکانی ناوەڕۆک لەخۆدەگرێتە، جۆری خوێنەران کە بابەتەکەیان ئاراستەدەکرێت و ئەو سەرچاوانەی کە پشتی پێ دەبەستێت. هەروەها جیاوازی و جۆراوجۆری و زۆری سەرچاوەکانی کە بەکارهێنەری ئەو هەواڵە ئەلیکترۆنییانە لەم شێوازەدا دەتوانی لەناو پێگەکان گوزەر بکەن و گێڕانەوەی جیاواز بۆ چیرۆکێکی ڕووداوێکی دیاریکراو وەربگرێت و ببینێت و بخوێنێتەوە. بەهۆی نوێکردنەوەی بەردەوامی هەواڵەکان بە درێژایی کاتەکان. جگە لەوەی گەڕان لە ناو هەواڵەکان و ئەرشیفی هەواڵەکان، جا هەر لەناو هەمان پێگەبێت یان لە ناو تۆڕی ئینتەرنێت بێت سانایە و دەتوانێت پێکەوەبەستنی هەواڵەکان (هەواڵە بڵاوکراوەکان) بە هەواڵی هاوشێوەوە لەناو پێگەکە یاخود لە پێگەی تر، بە دەستهێنانی زانیاری زیاتر لە بارەی پێشبینی ڕووداوەکان و کەسایەتییەکان و شوێن و کاتی ڕووداو لە هەواڵەکەدا.

تایبەتمەندییەکی تر کە گرنگیی خۆی هەیە بیرۆکەی سەرەکی (بابەت) پێویستە بینراو بێت شوێنی دیار بێت یان خێرا دەربکەوێت. کە لەیەک ڕستە یان دەستەواژە بخرێتەڕوو. داتا و بەڵگە و زانیارییەکان بۆ لاپەڕەی تر بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕێکبخرێن. واتە بیرۆکە سەرەکییەکان لە سەرەوە بخرێنەڕوو دواتر بابەتە لاوەکییەکان و وردەکارییەکان بڵاوبکرێنەوە.

لەلایـەکی دیکـە پێکهـاتەی زمـانی سـادە بێـت، و بەشـێوەی پەڕەگـراف پەڕەگـراف دابنرێـت و لەنێوانیـادا ناونیشـانی لاوەکـی بەکاربهێنرێـت یـان بۆشـــایی زیـــاتر دابنرێـــت بـــۆ زیـــاتر ڕوونبـــوونەوەی بـــابەتەکە و دوورکەوتـنەوە لە درێـژەدادڕی و بـابەتەکە بە چـڕی و بە داڕشـتنێکی ئاسان بخرێتەڕوو و دەکرێ وردەکاریی زیاتر بە بابەتەکە بەهۆی لینکێک پەیوەست بکرێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر فیدباگی خوێنەران, واتە بەردەوام لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بابەتەکە بانگەشـەی خوێنەران بکرێت بۆ بەشداریکردن بە نووسـینی کۆمێنت و ڕاوبۆچوونی خۆیان سـەبارەت بە بـــابەتەکە لە ڕێـــگەی ئیمیـــل و لێکـــۆڵینەوە لە کۆمێنـــت و پێشـــنیار و پرسـیارەکان بۆ زیـاتر ئـاکتیڤکردنی وێبسـایتەکە. جگـە لەمانـەش دیزاینـی پەیـــجەکە لەڕووی چوارچێـــوە و شـــێوەکان پێویســـتە جێگیـــر بێـــت و دروسـتکردنی لیسـتێک بریتـی بێت لە یەک سـتوون لە ناوەنـد بێت دەقـی سـەرەکی تیایـدا دابنرێـت و لە هەردوو لاشـی وەک حاشـیە بهێڵـرێتەوە لەگەڵ بەکارهێنـــانی وێـــنەی پەیوەســـت بـــۆ زیـــاتر ڕوونکـــردنەوە و پشـتگیرلێکردن. خـاڵێکی تـر زیندووکردنـەوەی چیرۆکـە هەواڵییەکـە بـۆ بـــابەتێکی ڕاپـــۆرتی مەیـــدانی یـــان بـــابەتێکی لە ژووری هەواڵ پێویســـتە نووسەری دەقی ئەلیکترۆنی مامەڵەی (بوونەوەرێکی زیندوو)ی بۆ بکات هەنـدێ زانیـاری وردی سـەرنجڕاکیش لەخۆبگرێـت بـۆئەوەی خـوێنەرەی بـابەتەکە بەردەوام بێت لەسـەر خوێنـدنەوەی بـابەتەکە هەروەهـا لەکـاتی ســـوودوەرگرتن لەســـەرچاوە جیاوازەکـــان و بە زمانەکـــانی دیـــکە و وەرگێڕانـی, پێویسـتە وەرگێـڕانەکەی بە داڕشـتنێکی نوێـوە بخـرێتەڕوو بـۆئەوەی ڕوحیەتـی بـابەتەکە نەکوژێـت. هـەروەها لە هەردوو حـاڵەتی نووسـین و وەرگیڕانـی بابەتەکـان پێویسـتە ڕەچـاوی یاسـا و ڕێسـای نووسـینی زمـانەکەی بکرێت و دوور بێت لە هەڵەی (چـاپ و ڕێنـووس و زمـــانەوانی). پەیڕەوکردنـــی (وردی لە دەربـــڕین) و (ئاســـانی لە زمـــانی بەکـارهێنراو) و بەکارهێنانی یەک جۆری شـێوازی نووسـین. بەکارهێنـانی

یەک شێوەی نووسین بۆ ناوەکان و یەک ڕێنووسی زمانی. خستنەڕووی ناوەڕۆک بەشێوەی سەرنجراکێش و دوور لە درێژەدادڕی بابەتەکە. (مزید، ٢٠١٢، ٣٠-٣١).

٣- کورتەیەک لە ناساندنی وێبسایتی ڕووداونێت و شیکردنەوەی فۆڕمەکان.

١/٣- کورتەیەک لە مێژوو و ناساندنی وێبسایتی ئەلیکترۆنیی ڕووداونێت:

وێبسایتی ئەلیکترۆنیی ڕووداونێت، پێگەیەکی ئەلیکترۆنییە لە بەرواری ٢٠١٥/٣/٢٩ لەلایەن تۆڕی میدیای ڕووداو دامەزراوە، بەڕێوەبەری پۆرتاڵی ڕووداو (هێمن لهۆنی)یە، مەبەست لە پۆرتاڵ ئەوەیە کە ڕووداو لەسەر ئینتەرنێت لە ماڵپەڕێک زیاترە و چەندین ئەپلیکەیشن و خزمەتگوزاریی دیکەی هەیە، هەروەها ڕووداونێت کۆکراوەی بەرهەمەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداوە کە لە (تیڤی، ڕادیۆ، پۆرتاڵ، ڕۆژنامە و گۆڤار) پێکدێت. ئەم پێگە هەواڵییە ئەلیکترۆنییە خزمەتگوزارییەکانی لە ڕێگەی ماڵپەڕێکی هەواڵی بە زمانەکانی کوردی و عەرەب و ئینگلیزی و تورکی پیشکەشدەکات، هەروەها بۆ هەموو ئامێرێکی سمارت فۆن خزمەتگوزاری خۆی هەیە، پۆرتاڵی ڕووداو خزمەتگوزاری ئەلیکتەری هەیە کە هەموو کەس دەتوانی لەسەر شاشەی کۆمپیۆتەرەکەی دایبەزێنێ و دواین هەواڵ و زانیاری وەربگرێ. هەروەها دەتوانێ ڕاستەوخۆ سەیری تیڤی و گوێ لە بەرنامەکانی ڕادیۆی ڕووداو بگرێت، هەروەها ڕووداوی تۆ بەشێکە لە پۆرتاڵی ڕووداو کە هەموو کەسێک دەتوانێت بەرهەم و بابەت بنێرێ بۆ ڕووداو. (ڕووداو، ٢٠١٩).

٢/٣- شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان:

لەم بەشەدا باسی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەکەین، تیایدا شیکردنەوەی ئەو فۆڕمانەی کە دابەشمان کردوون بە سەر سامپڵی توێژینەوەمان ئەنجامداوە، کە ژمارەیان (٦٠) کەسە پێکهاتوون لە قوتابییانی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین.

١- پرسیارە گشتییەکان:

خشتەی (١): ڕێژەی ڕەگەزی لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| نێر | 38 | %63.33 | یەکەم |
| مێ | 22 | %36.66 | دووەم |
| کۆی گشتی | 60 | % 100 | |

سەبارەت بە خشتەی (١) کە پەیوەستە بە ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی ڕەگەزی نێر (%٦٣.٣٣) پێکدێنن، بە پلەی یەکەم دێن، و ڕێژەی (%٣٦.٦٦) لە ڕەگەزی مێن، پلەی دووەم دێن لەخۆدەگرێت.

خشتەی (٢): ڕێژەی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| (21-18) | 18 | %30 | دووەم |
| (25-22) | 29 | % 48.33 | یەکەم |
| (28-25) | 7 | %11.666 | سێیەم |
| (29 ---) | 6 | %10 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 60 | % 100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٢) کە پرسیاری تەمەن دەکات ڕێژەی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨-٢١)دایە کە (٣٠%) بە پلەی دووەم دێن، و ئەوانەی تەمەنیان لە (٢٢-٢٥)دایە ڕێژەکەیان (٤٨.٣٣%) بە پلەی یەکەم دێت، ئەوانەی (٢٥-٢٨) ڕێژەیان (١١.٦٦٦%) بە پلەی سێیەم دێت، هەرچی ئەوانەی لە سەرووی ٢٩ ساڵییەوەن ڕێژەیان (١٠%) بە پلەی چوارەم دێن.

## ٢- پرسیارە تایبەتەکان:

خشتەی (٣): بەکارهێنانی ئینتەرنێت لای نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو

| هەڵبژاردەی فۆرم ئەگەر | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 59 | %98.33 | یەکەم |
| نەخێر | 1 | %1.666 | دووەم |
| کۆی گشتی | 60 | % 100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٣) کە پرسیارەکە دەربارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، کە ئایا بەکاریدێنیت یان نا، ڕێژەی ئەو کەسانەی ئینتەرنێت بە کاردەهێنن و وەڵامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە (٩٨.٣٣%) و بە پلەی یەکەم دێت، ڕێژی ئەوانەی بە (نەخێر) وڵامیانداوەتەوە (١.٦٦٦%) بە پلەی دووەم دێت. واتە بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن خوێنەرانی زانکۆ کارێکی باوە و بەرفراوانە بە ڕێژەیەکی زۆر.

خشتەی (٤): خستنەڕووی مەبەستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ئەگەری بەکارهێنانەکەی.

| هەڵبژاردەی فۆرم مەبەست | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بۆ وەرگرتنی زانیاری | 30 | %50.847 | یەکەم |
| بۆ زانینی هەواڵەکان | 15 | %25.42 | دووەم |
| بۆ کات بەسەربردن | 14 | %23.33 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 59 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٤) بەو پرسیارەی کە ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بوو ئینتەرنێت بۆ چ مەبەستێک بەکاریدەهێنیت، بۆمان دەردەکەوێ کە بۆ وەرگرتنی زانیاری بە پلەی یەکەم دێت کە ڕێژەکەی (٥٠.٨٤٧%)، ئەوانەی بۆ زانینی هەواڵەکان ئینتەرنێت بەکاردێنن ڕێژەکەی (٢٥.٤٢%)ە بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی بۆ کات بەسەربردن بەکاریدەهێنن ڕێژەکەی (٢٣.٣٣%) بە پلەی سێیەم دێت. واتە خوێنەرانی زانکۆ سوودیان لە ئینتەرنێت وەرگرتووە بۆ وەرگرتنی زانیاری بە ڕێژەیەکی لە نیوە زیاتر.

خشتەی (٥): ڕێژەی سەردانکەرانی پێگە هەواڵییەکان لە نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆرم ئەگەر | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 59 | %100 | یەکەم |
| نەخێر | (0) سفر | %0 | دووەم |
| کۆی گشتی | 59 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٥) کە پرسیاری ڕێژەی سەردانکەری پێگە هەواڵییەکان دەکات. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە سەردانی پێگە هەواڵییەکان دەکەن، واتە وەڵامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە (١٠٠%) بە پلەی یەکەم دێن، و هیچ کامێک لە نموونەی توێژینەوەکە وەڵامی نەخێری نەبووە. واتە سەردانیکەرانی پێگە هەواڵییەکان سەرنجیان بۆ بابەتە هەواڵییەکان ڕاکێشراوە بە ڕێژەي تەواوەتی.

خشتەی (٦): ڕێژەی سەردانیکەرانی پێگەی ڕووداونێت

| هەڵبژاردەی فۆرم ڕێژە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 47 | % 79.66 | یەکەم |
| نەخێر | 12 | %20.338 | دووەم |
| کۆی گشتی | 59 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٦) کە پرسیاری سەردانیکەرانی پێگەی ڕووداونێت دەکات، ڕێژەی ئەو کەسانەی بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە (٧٩.٦٦%) و بە پلەی یەکەم دێت، و ڕێژەی ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیانداوەتەوە (٢٠.٣٣٨%) و بە پلەی دووەم دێن. واتە سەردانیکەرانی پێگەی هەواڵی ڕووداونێت لە ئاستێکی بەرزدایە لەناو خوێنەرانی زانکۆدا.

## ٣- پرسیارەکانی تایبەت بە پێگەی هەواڵی (ڕووداونێت):

خشتەی (٧): ڕێژەی پەیڕەوکردنی ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی لە پێگەی ڕووداونێت بە گوێرەی نموونەی توێژینەوە.

| هەڵبژاردەی فۆرم ڕێژە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 15 | %31.91 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 31 | %65.95 | یەکەم |
| کەم | 1 | %2.127 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٧) کە پرسیاری پەیڕەوکردنی نووسینی ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی لە هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی هەڵبژاردەی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٣١.٩١%) و بە پلەی دووەم دێت، و ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە (٦٥.٩٥%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وڵامیانداوەتەوە ڕێژەکەیان (٢.١٢٧%) بە پلەی سێیەم دێن. واتە پەیڕەوکردنی شێوازی نووسینی ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی لە پێگە هەواڵییەکان گرنگە بۆ سەرنجراکێشانی خوینەر بۆ هەواڵەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان.

خشتەی (٨): ڕێژەی ڕوونی و پەیوەندیداری لیدە بەکارهێنراوەکانی پێگەی ڕووداونێت بە ناوەڕۆکی هەواڵەکە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بە گوێرەی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆرم ڕێژە | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 18 | %38.297 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 23 | %48.936 | یەکەم |
| کەم | 6 | %12.765 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (٨) کە پرسیاری بەکارهێنانی لید لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی ڕووداونێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی هەڵبژاردەی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٣٨.٢٩٧%) و بە پلەی دووەم دێت، و ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە (٤٨.٩٣٦%) و بە پلەی یەکەم دێت، و ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە (١٢.٧٦٥%) و بە پلەی سێیەم دێت. واتە ڕێژەی بوونی لید لە نووسینی هەواڵەکان لە پێگە هەواڵییەکان سەرنجڕاکێشە بۆ خوێنەران.

خشتەی (٩): پەیڕەوکردنی بنەماکانی خاڵبەندی لە هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆڕم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| زۆر | 23 | %48.936 | یەکەم |
| تاڕادەیەك | 18 | %38.297 | دووەم |
| کەم | 6 | %12.765 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | ١٠٠٪ | |

سەبارەت بە خشتەی (٩) کە پرسیاری پەیڕەکردنی بنەماکانی خاڵبەندی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٤٨.٩٣٦%) و بە پلەی یەکەم دێن، و ئەوانەی وەڵامی (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە (٣٨.٢٩٧%) بە پلەی دووەم دێن، هەرچی ئەوکەسانەی کە وەڵامی (کەم) یان هەڵبژاردووەو ڕێژەکەیان (١٢.٦٧٥%) بە پلەی سێیەم دێت. واتە گرنگی پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لە نووسینی هەواڵەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەخاتەڕوو.

خشتەی (١٠): ڕێژەی پەیڕەوکردنی (وشەی سادە و ڕستەی کورت) لە ڕووی ڕێزمانی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 16 | %34.042 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 27 | %57.446 | یەكەم |
| كەم | 4 | %8.51 | سێیەم |
| كۆی گشتی | 47 | % 100 | |

سەبارەت بە خشتەی (١٠) کە پرسیاری پەیڕەوکردنی وشەی سادە و کورت لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی ڕووداونێت. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٣٤.٠٤٢%) بە پلەی دووەم دێت، و ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەک)یان هەڵبژاردووە (٥٧.٤٤٦%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٨.٥١%) بە پلەی سێیەم دێت. واتە چەند وشەی سادە و ڕستەی کورت پەیڕەوبکرێت لە نووسینی هەواڵەکان ئەوەندە ئاسانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبێت بۆ خوێنەران.

خشتەی (١١): ڕستەکانی یەک پەڕەگرافی ناوەڕۆکی هەواڵەکان کورت و پوخت و واتای ڕاستەوخۆ بە دەستەوە دەدات.

| هەڵبژاردەی فۆڕم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
| --- | --- | --- | --- |
| بەڵێ | 15 | %31.91 | دووەم |
| نەخێر | 8 | %17.02 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 24 | %51.06 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 47 | %100 | |

سەبارەت بە خشتەی (١١) کە پرسیارەکەی دەربارەی ئایا ڕستەکانی یەک پەڕەگرافی ناوەڕۆکی هەواڵەکان کورت و پوخت واتاکەی ڕاستەوخۆ بە دەستەوە دەدەن. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٣١.٩١%) و بە پلەی دووەم دێت، و ڕێژەی ئەوانەی بە (نەخێر) وەڵامیان داوەتەوە (١٧.٠٢%) بە پلەی سێیەم دێت، هەرچی ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٥١.٠٦%) و بە پلەی یەکەم دێت. واتە نووسینی ڕستەکانی یەک هەواڵی پێویستە کورت و پوخت بن و واتاکان ڕوون و ئاشکرا بن ڕاستەوخۆ واتاکەی بەدەستەوە بدات بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە ئاسانترە.

خشتەی (١٢): هەڵەی ڕێنووس لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی ڕووداونێت بە گوێرەی نموونەی توێژینەوە دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆڕم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 4 | %8.51 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 33 | %70.21 | یەکەم |
| کەم | 10 | %21.276 | دووەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لەم خشتەیەدا (١٢) کە ڕێژەی هەڵەی ڕێنووس لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی ڕووداونێت دەخاتەڕوو. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەلامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٨.٥١%) بە پلەی سێیەم دێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەلامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٧٠.٢١) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وەلامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (٢١.٢٧٦) و بە پلەی دووەم دێت. واتە هەڵەی ڕێنووسی زمانەکە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان بە ڕێژەیەک هەیە کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتە سەر خوێندنەوەی بابەتەکان.

خشتەی (١٣): ڕێژەی خستنەڕووی زانیارییەکان بە شێوەی (پەڕەگرافە یەک لە دوای یەکەکان و لیستی خاڵبەندکراو) بۆ ئەو هەواڵانەی ناوەڕۆکیان درێژە بەگوێرەی نموونەی وەرگیراو.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 19 | %40.42 | دووەم |
| تاڕادەیەك | 21 | %44.68 | یەکەم |
| کەم | 7 | %14.89 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | %100 | |

لەم خشتەیەدا (١٣) سەبارەت بە خستنەڕووی زانیارییەکان بە شێوە پەرگرافە یەک لەدوای یەکەکان. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبـژاردووە (٤٠.٤٢%) بە پـلەی دووەم دێـت، و ڕێـژەی ئەو کەســانەی وەڵامــی (تاڕادەیەک)یــان هەڵبــژاردووە (٤٤.٦٨%) بە پــلەی یەکەم دێــت، هەرچی ئەوانەی بە (کەم) وەڵامیانداوەتەوە بە ڕێژەی (١٤.٨٩%) بە پلەی سـێیەم دێـت. واتــە زانیارییــەکان لــە نــاوەڕۆکــی هــەواڵی درێــژ پێویســتە پەرگراف پەرگراف بێت و خاڵبەندی بکرێت بۆ ئاسانی خوێندنەوە.

خشتەی (14): ڕێژەی بەکارهێنانی لینکی پێگەی تری پەیوەندیداری بە ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە پێگەی ڕووداو نێت.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 9 | %19.148 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 21 | %44.68 | یەکەم |
| کەم | 17 | %36.17 | دووەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لەم خشتەیەدا (١٤) سەبارەت بە بەکارهێنانی لینکی پەیوەندیدار بە هەواڵەکە، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (١٩.١٤٨%) بە پلەی سێیەم دێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٤٤.٦٨%) بە پلەی یەکەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (٣٦.١٧%) بە پلەی دووەم دێت. واتە ڕووداونێت لینکی پەیوەندیدار بە هەواڵە بڵاوکراوەکانی کەمتر بەکارهێناوە و کاریگەریی نەرێنی خستۆتە سەر خوێنەرانی پێگەکەی.

خشتەی (١٥): ڕێژەی بەکارهێنانی قاڵبی هونەری نووسین هەڕەمی هەڵگەڕاوە لە پێگەی ڕووداونێت دەخاتەڕوو.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 27 | %57.44 | یەکەم |
| تاڕادەیەك | 11 | %23.40 | دووەم |
| کەم | 9 | %19.14 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لە خشتەی (١٥)دا تایبەت بە بەکارهێنانی قاڵبی هونەری نووسین (هەڕەمی هەڵگەڕاوە)، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٥٧.٤٤%) بە پلەی یەکەم دێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٢٣.٤٠%) بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (١٩.١٤%) بە پلەی سێیەم هاتووە. واتە لە پێگەی ڕووداونێت زیاتر شێوازی نووسینی هەڕەمی هەڵگەڕاوە هەڵبژێردراوە کە شیوازە باوەکەی نووسینی هەواڵە

زیاتر بایەخی پێدراوە لە شێوازەکانی تری نووسین و کاریگەریی ئەرێنییە لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر.

خشتەی (١٦): ئاستی ڕەچاوەکردنی پێگەی ڕووداونێت لایەنی بابەتیبوون و یاسا و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینی هەواڵەکاندا.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 8 | %17.021 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 16 | %34.042 | دووەم |
| کەم | 23 | %48.93 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لەم خشتەیەدا (١٦) کە پابەندبوونی پێگەی هەواڵی ڕووداونێت بە بابەتیبون و یاسا و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی دەخاتەڕوو، ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (١٧.٠٢١%) بە پلەی سێیەم دێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٣٤.٠٤٢%) بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (٤٨.٩٣%) بە پلەی یەکەم دێت. واتە ڕووداونێت کەمتر ڕەچاوی بابەتی بابەتیبوون و یاسا و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینی هەواڵەکاندا لە پێگەکەی کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتە سەر خوێنەرانی.

خشتەی (١٧): ئاستی ڕەچاوەکردنی پێگەی ڕووداونێت لایەنی دیزاین و هونەرکاری وێپسایتەکە و ڕەنگ و شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکان.

| هەڵبژاردەی فۆڕم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 13 | %27.65 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 15 | %31.91 | دووەم |
| کەم | 19 | %40.42 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لەم خشتەیەدا (١٧) کە ئاستی ڕەچاوکردنی ڕووداونێت بە لایەنی دیزاین و هونەرکاری بۆ زیاتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەخاتەڕوو. ڕێژەی ئەو کەسانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە (٢٧.٦٥%) بە پلەی سێیەم دێت، ڕێژەی ئەو کەسانەی کە وەڵامی (تاڕادەیەک) یان هەڵبژاردووە (٣١.٩١%) بە پلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (٤٠.٤٢%) بە پلەی یەکەم دێت. واتە ڕووداونێت کەمتر ڕەچاوی بابەتی دیزاینی و ڕێکخستنی ناوەڕۆک و لایەنی هونەری کردووە بۆ خستنەڕووی هەواڵەکان لە پێگەکەیدا.

خشتەی (١٨): ڕێژەی بەکارهێنانی ژمارە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە پێگەی ڕووداونێتدا.

| هەڵبژاردەی فۆڕم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 20 | %42.55 | یەکەم |
| تاڕادەیەك | 15 | %31.91 | دووەم |
| کەم | 12 | %25.53 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لـەم خشـتـەیەدا (١٨) کـە ڕێـژەی بـەکارهێنانی ژمـارە لـە نـاوەڕۆکـی هەواڵــەکانی ڕووداونیـێـت دەخاتــەڕوو. ڕێــژەی ئەو کەســانەی وەڵامــی (زۆر)یــان هەڵبــژاردووە (٤٢.٥٥%) بە پـلـەی یەکــەم دێـت، ڕێــژەی ئەو کەســانەی کە وەڵامــی (تاڕادەیەک)یـان هەڵبـژاردووە (٣١.٩١%) بە پـلەی دووەم دێت، هەرچی ئەوانەی وەڵامـی (کەم)یان هەڵبژاردووە بە ڕێژەی (٢٥.٥٣%) بە پلەی سێیەم دێت. واتـە ڕووداونێت لـە ڕووی بـەکارهێنانی ژمارە بۆ نـاوەڕۆک و لیستکردنی پەڕەگرافەکان لـە ئاستێکی باشدایە بۆ پێگەکەی.

خشتەی (١٩): ئاستی ڕەچاوەکردنی پێگەی ڕووداونێت لایەنی زیندووبوونەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە و سەرنجڕاکێشی بەلای خوێنەر.

| هەڵبژاردەی فۆرم | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 8 | %17.02 | سێیەم |
| تاڕادەیەك | 15 | %31.91 | دووەم |
| کەم | 24 | %51.06 | یەکەم |
| کۆی گشتی | 47 | % 100 | |

لــە (١٩) خشــتەیەدا کە تایبــەتە بــە ئاســتی ڕەچــاوکردنی لایــەنی زیندووبوونەوەی و سـەرنجڕاکێشیی خوێنەر بۆ نـاوەڕۆکی هەواڵـەکان لـە ڕووداونێــت. ڕێــژەی ئەو کەســانەی وەڵامــی (زۆر)یــان هەڵبــژاردووە (١٧.٠٢%) بە پــلـەی ســێیەم دێــت، ڕێــژەی ئەو کەســانەی کە وەڵامــی (تاڕادەیەک)یـان هەڵبژاردووە (٣١.٩١%) بە پـلەی دووەم دێت، هەرچـی ئەوانەی وەڵامــی (کەم)یـان هەڵبـژاردووە بە ڕێـژەی (٥١.٠٦%) بە پـلەی یەکەم دێت. واتە ڕووداونێت لایەنی زیندووبوونەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە لــە نــاوەڕۆکــی هەواڵەکانــدا کــەمتر پــەیڕەویکــردووە و نەبۆتــە هــۆی

سەرنجڕاکێشی خوێنەر بۆ بابەتەکە، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەخاتەسەر.

## ٣/٣- دەرەنجامی لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە:

١. بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن خوێندکارانی زانکۆ بەرفراوانە و بۆ وەرگرتنی زانیاری بە ڕێژەیەکی باش سوودیان لە ئینتەرنێت وەرگرتووە.

٢. سەردانیکەرانی پێگە هەواڵییەکان سەرنجیان بۆ بابەتە هەواڵییەکان ڕاکێشاوە بە ڕێژەیەکی تەواو، بەتایبەتی بۆ پێگەی هەواڵی ڕووداونێت لەناو خوێنەرانی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە.

٣. نووسینی ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی لە شێوازی نووسینی هەواڵەکان لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان پەیڕەوکراوە و گرنگیی خۆی هەیە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوینەر بۆ بابەتەکان بەگشتی.

٤. ڕێژەی بوونی لید لە نووسینی هەواڵەکان لە پێگەی ڕووداونێت بۆ خوێنەران سەرنجڕاکێشە. هەروەها پەیڕەوکردنی خاڵبەندی لە نووسینی هەواڵەکان لە پێگەی ڕووداونێت بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر گرنگە.

٥. وشەی سادە و ڕستەی کورت لە نووسینی هەواڵەکان ئاسانترە بۆ خوێندنەوە لە پێگەی ڕووداونێت، هەروەک نووسینی ڕستەکان بۆ یەک هەواڵی پێویستە کورت و پوخت بن و واتاکانی ڕوون و ئاشکرا بن ڕاستەوخۆ ماناکەی بەدەستەوە بدات.

٦. هەڵەی ڕێزمان و ڕێنووسی زمانەکە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکان تا چەند کەمتر بێت خوێنەر ئاسانتر لە بابەتەکان دەگات و پێچەوانەکەی کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر خوێندنەوەی بابەتەکان.

٧. زانیارییەکان لە ناوەڕۆکی هەواڵی درێژ پێویستە پەرەگراف پەرەگراف بێت و خاڵبەندی بکرێت تا ئاسانتر بێت بۆ خوێندنەوە لە پیگە ئەلیکترۆنییەکە. ڕووداونێت لە ڕووی بەکارهێنانی ژمارە بۆ ناوەڕۆک و لیستکردنی پەرەگرافەکان لە ئاستێکی باشدایە.

٨. لینکی پەیوەندیدار بە هەواڵە بڵاوکراوەکانی ڕووداونێت گرنگە هەبێت بۆ زیاتر سەرنجراکێشانی خوێنەران بۆ بابەتەکە و وەرگرتنی وردەکاریی زیاتر لەسەری. ئەمە لە ڕووداونێت کەمتر پەیڕەوکراوە.

٩. شێوازی نووسینی هەڕەمی هەڵگەڕاوە بۆ هەواڵی ئەلیکترۆنی زیاتر دەرکەوتووە لە شێوازەکانی تری نووسینی هەواڵ لە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداونێتدا و کاریگەرییەکی ئەرێنی دروستکردووە.

١٠. بابەتیبوون و یاسا و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینی هەواڵەکاندا لە پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداونێت کەمتر ڕەچاوکراوە.

١١. ڕووداونێت کەمتر ڕەچاوی بابەتی دیزاین و ڕێکخستنی لایەنی هونەری و خستنەڕووی هەواڵەکان لە پێگەکەیدا کراوە.

١٢. لایەنی زیندووبوونەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا کەمتر دەرکەوتووە و کاریگەرییەکی نەرێنی خستۆتەسەر سەرنجراکێشانی خوینەر بۆ بابەتەکە لە ڕووداونێتدا.

**ئەنجامەکان بەگشتی:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە

١- ڕێژەی بەکارهێنەرانی پێگەی هەواڵی ڕووداونێت لە ئاستێکی باشدایە و بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاری لەلایەن خوێنەرانیەوە سەردانیدەکرێت.

٢- پێگەی هەواڵی ڕووداونێت بە ڕێژەیەکی باش شێوازەکانی نووسینی هەواڵی پەیڕەوکردووە، ناونیشانی سەرەکی و لاوەکی بەکارهێناوە، و لەڕووی ڕوونی لیدی بەکارهاتوو و پەیڕەکردنی وشەی سادە و ڕستەی کورت لە ئاستێکی باشدایە.

٣- جێبەجێکردنی خاڵبەندی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکانی پێگەی ڕووداونێت ڕەچاوکراوە، هەروەها لایەنی زمان و ڕێزمانیشی لە ئاستێکی مامناوەندیدایە.

١. بەکارهێنانی ڕیزکردنی پەرەگراف بە پێی شێوازی لیستی خاڵبەندکراو بۆ پێشکەشکردنی هەواڵەکان و بەکارهێنانی ژمارەکان لە ڕووداونێت پەیڕەوکراوە و لە ئاستێکی باشدایە.

٢. ڕووداونێت لایەنی زیندووبوونەوەی چیرۆکە هەواڵییەکە لە ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا کەمتر کاری لەسەر کردووە و کاریگەرییەکی نەرێنی خستۆتە سەر سەرنجڕاکێشانی خوینەر بۆ بابەتەکە.

٦- بەکارهێنانی لینکی پێگەی تری پەیوەندیدار بە ناوەڕۆکی هەواڵەکان لە پێگەی هەواڵی ڕووداونێت بە ڕێژەیەکی کەم بەکارهێنراوە و لایەنی دیزاینشی فەرامۆشکردووە.

٧- قاڵبە هونەرییەکانی نووسینی هەواڵی ئەلیکترۆنی لە ڕووداونێت جگە لە (هەرەمی هەڵگەڕاوە) لە ئاستێکی مامناوەندیدایە و زۆری بنەماکانی نووسینی ئەلیکترۆنی بە باشی پەیڕەونەکراوە.

٨- ڕووداونێت کەمتر ڕەچاوی بابەتیبوون و یاسا و ڕێساکانی کاری ڕۆژنامەوانی لە نووسینی هەواڵەکاندا لە پێگەکەیدا کردووە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی دەبێت بۆ سەردانکردنی پێگەکە.

**پێشنیازەکان:**

لەم توێژینەوەیەدا چەند پێشنیازێک دەخەینەڕوو

١- پێگە هەواڵییە کوردییەکان بە گشتی و پێگەی ڕووداونێت بە تایبەتی گرنگیی زیاتر بە قاڵبە جیاوازەکانی نووسینی هەواڵ بدەن لەبەرئەوەی قاڵبە جیاوازەکان کاریگەریی زۆر دەکەنە سەر ڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان.

٢- ڕەچاوکردنی زیاتری بنەماکانی خاڵبەندی و پێداچوونەوەی زیاتر بە هەواڵ و بابەتەکان بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵەی ڕێزمانی و زمانیدا. هەروەها گرنگیی زیاتر بە لایەنی زیندوویی چیرۆکە هەواڵییەکە و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی هەواڵەکان بدرێت.

٣- لینکی پەیوەندیدار بە بابەتی هەواڵەکان زیاتر بەکاربهێنرێت ئەگەر ئەم لینکانە هی پێگەی تربن، ئەمە وادەکات ڕاستگۆیی پێگەکە و بڕوای خوێنەر بە پێگە و هەواڵ و زانیارییەکان زیاتربکات و زیاتر سەردانی

بکرێت بۆ دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاریی ڕۆژانەیان دەربارەی ڕووداو و پێشهاتەکان، بەهۆی ئەوەی بڕوای خوێنەر و سەردانیکەرانی پێگەکە بە دەستدێنێ و دەبێتە هۆی بەردەوام و زیاتر سەردانیکردنی پێگەکەیان.

٤- باشتر وایە وشەی سادە و ڕستەی کورت و فەرهەنگی ئاسان و سادە بەکاربهێنرێت لە پێگەی ڕووداونێت بە شێوەیەک لە ئاست تێگەیشتنی هەموو سەردانیکەرانی پێگەکە بێت بە تەمەنی جیاواز و ئاستی ڕۆشنبیریی جیاواز.

٥- گرنگیی زیاتر بە لایەنی دیزاین و هەواڵ و نووسینەکان بدرێت بەشێوەیەک لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی هاوسەردەم بێت و سوود لەو تەکنەلۆژیا و ڕێگە و شێوازە نوێیانە وەربگرێت کە بەردەوام دێنە ناو میدیای نوێوە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


- ئاریانا ئیبراهیم (دکتور)، ٢٠١١، شێوازە ئەدەبییەکانی ڕۆژنامەی خەبات، چ:١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- ئاریانا ئیبراهیم (دکتور)، ٢٠١٨، زمانی ڕاگەیاندن، چ:١، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر.
- سامان جەلال (دکتور)، (٢٠١٨) هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، میدیای ئەلیکترۆنی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- صادق حەمە غەریب حەمە صالح (٢٠١٥) ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی، سلیمانی، چاپخانەی کوردستان.
- عبدالخالق ابراهیم، ئەرسلان ڕەحمان، (٢٠١٠)، کارامەیەکانی نووسین لە ڕۆژنامەی چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:


- ئاریانا ابراهیم (دکتور)، ٢٠١٩، الکتابه الالکترونیه، ط:١، مط: الجامعة، اربیل.
- جواد، عبدالستار، ٢٠٠٢، فن کتابة الاخبار، دار المجدلان، الاردن.
- رجاء یونس أبو مزید. (٢٠١٢). تحریر الصحف الإلكترونیة. غزه: الجامعة الإسلامیة - غزه.

- صادق حمه غريب حمه صالح. (٢٠٠٨). الصحافه الالكترونية الكردية - رسالة ماجستير. جامعه بغداد.
- نسرين حسون. (٢٠٠٣). انواع الصحف الالكترونية، بغداد.
- هديل البكرى. (٢٠١٧). ما هى المواقع الالكترونية، الاردن.
- هند ڕياض. (٢٠١٦). أنواع المواقع الاكترونيه. الامارات.
- هبه عباد العمرانى. (٢٠١٩). فن الكتابة فى الصحف الالكترونية، فلسطين.


### سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


- Dube, J. (2013). Writing News Online. US. Nework.
- Rogers, T. (2019). Writing News Stories for the Web. London.
- Mell H. bakanlig. (2011). (Internet Applications). France. Paris.


### ئینتەرنێت:


- ڕووداونێت (٢٠١٩)، ڕێکەوت: (٢٠١٩/١٢/١٥)، کات:١٠:٠٠ی بەیانی. ئەو پرسیارانەی زۆر دەکرێن وەرگیراوە لە rudaw.net: http://www.rudaw.net/sorani/faq
- eduarabcenter. (13 5, 2014). الفهم القرائى. تم الاسترداد من مركز EDU لرسائل الماجستير و الدكتوراه: تاريخ: (٢٠١٩/١٢/٢٠)، الوقت: ١:٠٠ بعد الظهر.

- http://kenanaonline.com/users/eduarabcenter/posts/61739

- smiledonor. (٢٠١٩). مكونات صفحه الويب، مواقع الويب. تم الاسترداد من مواقع الويب.

- ديزاين صفحه الويب، - مواقع الويب: تاريخ: (٢٠١٩/١٢/٢٢). الوقت: ٢:٠٠ بعد الظهر

- websitefirstc.wordpress: https://websitefirstc.wordpress.com/2016/12/16/


**چاوپێکەوتن:**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری پێگەی ئەلیکترۆنی ڕووداونێت، ڕێکەوت: (٢٠١٩/١٢/٢٣).

**تأثير اساليب كتابة الخبر في المواقع الالكترونية الكردية على فهم القارئ**

**دراسة مسحية تحليلية للاخبار على موقع روداونت**

**ملخص:**

هذا البحث هو محاولة علمية لعرض اساليب الكتابة للخبر في المواقع الالكترونية وعرض الاخبار في روداونت كنموذج، وهي احدى الضرورات المهنية للعمل في الكتابة الصحفية، بالاضافة الى ان تقدم التكنلوجيا و وسائل الاتصال ساعدت على التوسع والتنوع بحيث اتخذت الجانب التحريري منه ايضا، واتخذت مساحة واسعة من الاهتمام بهذا الجانب لما له من تأثير كبير على جلب انتباه القارئ للمادة المعروضة، فكما هو معروف ظهور الانترنت و تأسيس المواقع و شبكات التواصل الاجتماعي اصبح مصدرا هاما لتطور وسائل واساليب عرض وتقديم الاخبار المتنوعة، من هذا المنظور يعتبر اسلوب النص والكتابة المستخدمة في تقديم الاخبار له اهمية كبيرة لدى القارئ. لذلك يحتاج القارئ ان يتعرف على هذه الاساليب الحديثة والجديدة في الكتابة وتحرير النص الخبري والقوالب الفنية والاساليب والقوانين والقواعد الخاصة بكتابتها بالطريقة الالكترونية. لذا ارتأينا ان نبحث في في هذا البحث اساليب كتابة الخبر في المواقع الالكترونية و تاثيرها على القارئ و حددناها في ثلاثة فصول تحتوي على المقدمة، وفي الفصل الاول الاطار العام للبحث و الثاني عرض اهم الاساليب والقوالب الفنية لكتابة الخبر في المواقع الالكترونية وفي الفصل الثالث الناحية العملية في قياس مدى تأثير هذه الاساليب على فهم واستيعاب القارئ. في نهاية البحث توصلنا الى ان اساليب الكتابة للخبر في المواقع الالكترونية يكون له تأثير مباشر على فهم القارئ للمادة المعروضة و كلما كانت الكتابة مختصرة و ذات جمل قصيرة و واضحة تكون تأثيرها افضل لاستيعابها من قبل القارئ و كذلك كلما قدمت بتصميم فني جاذب تكون اكثر جاذبية واسهل للقراءة. الكلمات المفتاحية: (اساليب الكتابة، اللغة، فن الخبر، الاعلام الجديد).

**The Impact of News writing methods on Kurdish websites on the reader's understanding**

**Abstract:**

This research is a scientific attempt to present the methods of writing the news in the websites and display the news in Rudawnet as a model, which is one of the professional necessities of working in journalistic writing, in addition to the advancement of technology and means of communication helped to expand and diversify so that it took the editorial side of it, and took a wide area of Attention to this aspect because of its great impact on bringing the attention of the reader to the material presented, as is known the emergence of the Internet and the establishment of sites and social networks has become an important source for the development of methods and methods of presentation and presentation of diverse news, from this perspective is the style of text and writing used in the provision of news is of great importance to the reader. Therefore, the reader needs to know about these new and new methods of writing and editing the news text and technical templates and methods, laws and rules for writing them in electronic way. Therefore, we decided to discuss in this research methods of writing the news in the Web sites and their impact on the reader and identified in three chapters containing the introduction, and in the first chapter of the general framework of research and the second presentation of the most important techniques and templates for writing the news in the Web sites and in Chapter III practical In measuring the impact of these methods on the understanding and understanding of the reader. At the end of the research we concluded that the methods and techniques of writing the news in the Web sites have a direct impact on the reader 's understanding of the material presented and the shorter the

writing and short sentences and clear and better impact to be absorbed by the reader as well as the more attractive design artistic be more Attractive and easier to read. Key words: (writing methods, language, news, new media)